کورتەیەک لە ژیانی ئابووری کرێکاری ئێلبێرت گێدوینگ - (جنجر) لە کەندا

(هەوو لە ئاسمان مەکەو مەپرسەرەو، وەرەو بەیزی ناڕازایەتەکانمانەوە پەیوەست بە.)
ئێلبێرت گێدوینگ(جنجێ)

ئامادەکردنی: گەران عەبدوڵا..

لە یەکێک لە ڕۆژکانی بەهاری ١٨٨٧،منداڵێکی قژ سوور لە باکوری وڵاتی ئینگلیز هاتە دونیاوە و ناوی نرا ئێلبرت گێدوینگ، بەنام خێزانێکی و هاوڕێکانی ناویان لێنابوو جنجێ.

لەو سەردەمدا خوێندن گرنگیێکی زۆری هەبوو، بەکار دەهات بۆ سوتاندن و بۆگەنخستنی شەمەندەفەر و کەشتیێ بوخارێکان. ئێلبێرت (جنجێ) هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بوو بە کرێکار لە کانێ خەڵوزکانی بەریتانیا لەگەڵ باوک و براکانی. لە ١٩٠٦ هەوێکرد کەندا و لە ١٩١٠ لە هەرەمی برتش کەڵەمبیا گیرسایەوە، چوونکە هەرەمەکە لەو بوارەدا کاری زۆر هەبوو بۆیە سەرەتای کاری لە کانی ژمارە پێنجەوە بوو لە دوورگەی ڤانکوڤەر.
کارکردن لەو کانانەدا کارێکی لەبار نەبوو. تۆزی خەڵوزکە دەبووە هۆکاری نەخۆشی کرێکاران، تەنانەت دەرچوونی گاز لە زەوێکەوە بەهەمان شێوە دەبووە هۆکاری نەخۆشی، جاری واش هەبوو کانێکە بەهۆی تەقینەوەوە دەوخا بەسەر کرێکارکاندا.
جنجێ کە گەشتە تەمەنی ٢٣ ساڵ، ٩ ساڵ بوو لە کانێ خەڵوزینکان کاری دەکرد و تا ئەو کاتەش کەسێکی تەندروست و لەش سوکەڵە بوو. لە بواری وەرزشیشدا یاری تۆپێن و مەڵەوانی دەکرد.
زۆری نەبرد جنجێ وەک سەندیکالیست و بەرگریکارێکی مافی کرێکاران و وتار بژێکی حەماسی ناسرا.
پاش خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ١٩١٢- ١٩١٤ی کرێکاران لە دورگەی ڤانکوڤەر کە سەرەتای دەستپێکردنەکەی لە دەرکردن و خستنە لیستی ڕەشی هەردوو کرێکار و سەندیکالیست Oscar Mottishaw و Isasc Porterey بوو ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی کەوا لە ڕاپەرتکەدا بە لیژنەی بەدواداچوونی دزکردنی گاز لە کانێکان ئاماژەیان بە چەند

شوێنکی کانەکە کردبوو کە گاز لووی دزە دەکات و ئاگری گەرتنیان هەیە. شایانی باسە لە ١٨٩٠ەوە تاوەکوو ١٩١٢ لە ئەنجامی گەرتن و تەقینەوەی کانەکانی ئاو ناوچەیە ٣٧٣ کرێکار گیانیان لەدەست دابوو.



مانگرتنی کرێکاری کانەکانی دورگەی ڤانکۆڤەر لە پاش مانگرتنە گشتەکەی ونیپێگ لە ساڵی ١٩١٩ بە مانگرتنەکی گەورەو شکەدار دەناسرێت لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری کەنەدا.
ئاڵبێرت گەدوینگ یەکێک بوو لە ئابرانی ئاو خەپیشاندانە و بەهەکاری وتار و هەسورانی لە سەندیکاکاندا لەگەڵ سەدان کرێکاری خەباتکاردا ناوی خرابووە لیستی ڕەشەوە، هەر بۆیە پاش خەپیشاندانەکان، ئاوو چەندین ئابڕی ناسراوی تر ڕێیان پێنەدرا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و تەنانەت لە هیچ کانەکی تریش بۆیان نەبوو کاربکەن.
لەوسەردەمەدا دەوڵەت ئاشکاوانەو یەک لایەنە هەزی پۆلیسی خەی بەکار دەهێنا بۆ پاپشتی لە خاوەنکاران و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری، تەنانەت زەرجار لە ڕێی دامەزراندنی کرێکارانی تریەوە کە بۆ خەپیشاندان شکێن ناسرابوون جێگای کرێکارانی ناڕازیان پەدەکردەوە. زەربەی جار ئاو خەپیشاندان شکێنانە لە کرێکارانی چینی و کرێکاری بەریتانییە تازە هاتووەکان بوون.

ئەلبەرت گەدوینگ(جنجە) پاش دەرکردنی لەسەر کارەکەی، بە ماوەی یەک ساڵ بە بەکار مایەوە. پاش ئەو ماوەیە لە مانگی مەی ١٩١٦ لە شارچکەی ترەە لە کوردی ئاسن توانەوە کاری چنگ کەوت.
درێژەی بەکاری سیاسی خۆیدا و بە ئاشکرا بەرگری دەکرد لە سۆشیالیزم و خەباتی چینی کرێکار. لە ١٩١٧ هەبژێردرا بە بەرپرسی مالی سەندیکا، هەروەها بوو بە جێگری یەکەتی کرێکارانی برتش کەەمبیا.
لە ەووی سیاسییەوە ئەندامی پارتی سۆشیالیستی کەنەدا بوو کە لە ١٩٠٤ دامەزرابوو. دواتریش پارتەکە پەیوەست بوون بە پارتی کەمۆنیستی کەنەداوە.

لە ١٩١٧ کرێکارانی کوردی ئاسن بە ەابەرایەتیی ئەلبەرت گەدوینگ(جنجە) دەستیان دایە مانگرتن لە پەناو ٨ سەعات کار و کردی زیاتردا، لەو کاتە کردی ەەژانەی کرێکار$2.75 بوو. مانگرتنەکە شکستی هێناو ١٢٠٠ لە کرێکارانی بەشداربووی خۆپیشاندانەکە لەسەر کار دەرکران.



کەنەدا یەکەک بوو لە وڵاتانی بەشدار بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. لە ١٩١٧ دەوڵەت بەیارەکی دەرکرد کە دەبێت ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بە ٣٠ ساڵییە دەبێت بەشداری شەڕبکەن.
ئەلبەرت دژایەتی کردکی ەاستەو خۆی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. بەهۆی ناساغی تەندروستییەوە کە بەهەکاری کارکردنی لە کانە خەوزەکان توشی هاتبوو بڕیار لەخۆشبوون کەوت لە خزمەتی سەربازی. لە شاری تریە خۆپیشاندانەکی بەەخست بە ٨ سەعات کار، پاش خۆپیشاندانەکە بە ١١ ەەژ بە نامەیەک ئاگادار کرایەوە جارەکی تر بانگ کرایەوە بە پەداچوونەوە بە ەاپرتە پزیشکەکیدا. ئەجارەیان پێیان ەاگەیاند کە تەندروستی باشەو دەبێت بچێتە خزمەتی سەربازی، هەرچەندە بەیارەکەی لیژنەی پزیشکی تەمیزکردەوە، بەڵام سودی نەبوو دەبوایە لە ١٨ی نیسانی ١٩١٨ پەیوەستبێت بە سوپاوە.

ئەلبەرت بە یاری تەواوی خەیدابوو کە نایەوێت بەشداری ئەوشتە بکات. ئەو پێیوابوو **نابێت کرێکاران یەکتر بکوژن لە شتێکی ئابوریدا** هەر بۆیە لەو مانگەدا گەیشتە شاری کومبرلاند و لە دەستی دەسەڵاتداران هەڕەشەی پێیوست بوو بۆ هاوڕێیانەوەی کەوک کەمێکی بچوکی دژ بە شتە چووبونە شاخەکانی دوورگەی ڤانکوڤەر نزیک بە دەریاچەی کەمس. لەلایەن خێکی لادێکانی دەوروبەریانەوە یارمەتییان دەکرا لە ڕووی خواردن و خواردنەوە.
پۆلیس بە یاری دەستگیرکردنی ئەلبەرتی دەرکردبوو، تەنانەت ئەفسەرێک بە ناوی کامپبێڵ وتبوی: **بە مردووی بێت یان بە زیندووی هەر دەبێت پێیدای بکەمەوە.**



پۆلیس چەندین مانگ بەدوایدا گەڕان. ئەو بوو لە ٢٧ی تەموزی ١٩١٨ شونێکەیان دەزیەوەو تەقەیان لێکردو کوشتیان. لە ٢ی ئابی ١٩١٨ لە ڕێپەوانێکی زەر گەورەو شکەداردا تەرمەکەی لە کیمبرلاند بەخاک سپێردرا و بە بانەی مەرگی ئەلبەرت گەدوینگ(جنجێ) ناوەو لە هەمان ڕۆژدا و بە یەکەمین جار مانگرتنی سەرتاسەری لە برتش کەڵمبیا ڕاگەیەندرا.



مەرگی ئەلبەرت گەدوینگ(جنجە) هەتا ئێستاش وەک مەرگەکی گوماناوی سەیر دەکرێت و بەشێک لە خەڵک پێیان وایە ئەو مەرگە لە ئاکامی بەیارەکی تاکەکەسییەوە نەبووە بەڵکوو بەیار و هەزی گەورەتری لە پشتەوە بووە.

ئەلبەرت تەنها ٣١ ساڵ ژیا، بەڵام زۆر سەیر لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا توانی بگاتە ئاستی ئابرایەتی یەکێتییە کرێکارەکان.



ئەلبێرت، بە وتارێ حەماسەکانی بە ناوبانگ بوو. بانگەوازی کرێکارانی جیهانی دەکرد بۆ بەشداربوونکرن لەشێ ئابووری دەوڵەتێ زلهێزەکان. بانگەوازی بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەکرد لەگەڵی گەینی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ ئامرازێک لە پێناو خزمەتکردنی گشتیدا نەوەک قازانج.
ئەلبێرت سەرباری کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی خۆی خاوەنی چەندین وتارو لێکۆڵینەوە بوو کە لە ڕۆژنامەی وەستن کۆریەن لە ڤانکوڤەر زمان حاڵی پارتی سۆشیالیستی کانەدا باڵاودەکردەوە.
لەوانە:
پاژنەی ئاسنین – ١٠ی ئاب – ١٩١٢. یەکسانی سەرمایەداری ١٦ی هەمان مانگ
سۆشیالیزم و کرستیانێتی ٩ی مەی ١٩١٤. شارستانێتی کانونی دووەمی ١٩١٧.
ناسیونالیزم و ئینتەرناشناڵیزم حوزەیرانی ١٩١٧. ڕاپەرتک سەبارەت بە سەرمایەداری وەک هەکاری بێکاری ١١ی نیسانی ١٩١٤، ئەمانە و چەندین نامە سەبارەت بە ئاسەی سیاسی و هۆشیاری لە ناوچەکانی برتش کۆڵمبیا. هەروەها چەندین نامە پەیوەندن بە سیستمی سەرمایەداری و شۆڕەوە لە ڕۆژنامەی فدراسیۆنی برتش کۆڵمبیا (ڤانکوڤەر) کە ڕۆژنامەیەکی کرێکاری بوو لە تشرینی دووەمی ١٩١٧ باڵاوبۆتەوە. وتارێکی تری لە ژێر ناونیشانی سۆشیالیزم تاکە ئومێدە لە ٢٠ی ئابی ١٩١٧ لە ڕۆژنامەی ڤانکوڤەر دەیلی وارد باڵاوکراوەتەوە.

_____

سەرچاوە:
ئنسکلۆپیدیای کانەدا، پەیجی فەرمی ئەلبێرت گەدوینگ(جنجە)، یادکردنەوەکانی ساڵانەی ئەلبێرت.

ئەدەبیی پۆلیسیی چییە (کریمیناڵ).. ئەردەڵان عەبدوڵا

وتەیەک

ئەمە لە تەواوی جیهاندا ئەدەبی پۆلیسی بەتایبەتی رۆمان، زۆر بڕوای هەیە و لەناو جۆرەکانی تری رۆماندا، رۆمانی پۆلیسی لە هەموویان زیاتر خوێنەری هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرئاوادا تەنانەت فیلم و دراماى پۆلیسیش زۆر ڕواجی هەیە. لە لایەکی تروە ژنە نووسەری بڕیتانیا ئاگاتا کریستی کە بە دایکی ڕۆمانی پۆلیسی ناسراوە، لەپاش کتێبی ئینجیل و کارەکانی شکسپیر، پڕفرۆشترین کتێبی هەیە لە جیهاندا، هەتاوەکو ئێستا نزیکەی 2 ملیار نوسخە لە کتێبەکانی فرۆشراوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم ئەدەبە لە جیهاندا بڕوای زیاتر دەبێت و کاریگەری گەورەش بەسەر فیلم و دراماى جیهانی داناوە.
ئەمە لەم دەسەیە تایبەتەدا هەوڵدەین تیشک بخەینە سەر ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب و باس لە مەژووی سەرهەڵدان و بنەماکانی و جۆرەکانی، هەروەها تیشکێکی خەراش دەخەینە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ژنە نووسەری بڕیتانی ئاگاتا کریستی و کاریگەری بەسەر ئەم ئەدەبەوە دەخەینە ڕوو. لە کۆتایشدا باس لەوە دەکەین کە بۆچی لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەدەبی پۆلیسی گرنگی پێ نەدراوە. بەو هیوایەی لە ڕێگەی ئەم دەسەیە تایبەتەوە، تیشک بخەینە سەر ئەم جۆرە جوانەی ئەدەب کە ئێستا گەشەی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت.

سەرەتا

بەدنیایەوە کاتێک باسی تاوان و تاوانکاران دەکرێت، هەموومان دژیان دەوەستینەوە، یان قەزمان لە کارەکانیان دەبڕتەوە. زۆرجاریش دەوەزمەی ترس کاریگەری زۆری بێ ئەم هەڵوێستەمان هەیە. ترس لە تاوانکاران و کارەکانیان وامان لێدەکات کە هیچ کاتێک خۆمان لە قەرەی جیهانی تاوان نەدەین. بەڵام ئەدەب دەربارەی ئەم جیهانە ترسناک و ناشیرینەی تاوان، بۆچوونێکی تری هەیە. ئەدەب وەکو ڕۆژنکی پرشنگدارە، تیشکەکانی دەچێتە ناو تاریکترین شوێنی ژیانەوە. ئەوە تیشکی ئەدەبە، ترسەکانمان لە جیهانی تاوان دەڕوێنێتەوە و دەیشکێنێت. ئەدەب بە زمانێکی تر مامەڵە لەگەڵ تاوان دا دەکات. هەر ئەویشە پێمان دەڵێت، کە دەکرێت سوود لەم جیهانە ترسناکە وەربگیرێت و بە زمانێکی ئەدەبی باسی تاوانکاران بکەین نەک بە ترس خستنە ناو دڵی خوێنەرەوە، بەڵکو بە ئاشنابوون لەو فرتوفێڵ و شێوازە ناشیرینانەی کە ئەوان لە تاوانکارییەکانیاندا بەکاردەهێنن.
ئەمە ئەدەبی پۆلیسی (کریمینال) یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی ئەدەبی جیهانی، کاتێک گەیشتمە ئەمانیا و کەمێک بەسەر زمانی ئەمانیدا زاڵ بووم پێم سەیربوو، خەڵکانێکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی

پۆلیسی بوون. ڕۆمانی پۆلیسی لە هەموو جۆرەکانی تری ڕۆمان، ڕەواجی زیاتر بوو.
دیارە نەک لە ئەڵمانیا لە بەشکەی زۆری وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکاشدا، ئەم ژانرەی ئەدەب، بڕوێی زۆرە. دیارە ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەمەی کورد لەم بەشە گرنگ و خۆشەی ئەدەب بێ بەشین، تا ئەمڕۆش لەم بوارەدا کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە، کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە، لەدواییدا باسی لێوە دەکەم.
من هەوڵدەدەم لەم وتارەدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە و بنەما و مەرجە سەرەکییەکانی و جۆرەکانی بکەم و هۆکاری پێشکەوتنی لە خۆرئاوادا دەردەخەم، لەکۆتایشدا هەوڵدەدەم هۆکاری لاوازی ئەدەبی کوردی لەمبارەیەوە بخەمەڕوو.

سەرەتای ئاشنابوونم بە ڕۆمانی پۆلیسی

کاتێک گەیشتمە ئەڵمانیا، زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو، بەناوی (کۆمیسار کۆلۆمبوس). کە لەلایەن ئەکتەری ناسراوی ئەمەریکی Peter Michael Falk پیتەر میشایل فالک ڕۆڵی کۆمیسار کۆڵۆمبۆسی دەبینی. ئەو کۆمیسارە بەشێوازێکی ئێجگار تایبەت و سەرنجڕاکێش بەدوای تاوانبارانda دەگەڕا. ئەمەش وای لێکردم کە خوولیای ڕۆمانی پۆلیسی بم. یەکەمین ڕۆمانیش کە ئاشنای دەریای ئەدەبی پۆلیسی کردم، ڕۆمانێکی نووسەری مەزنی ئینگلیزی ئاگاتا کریستی بوو، بەناوی:(Der Tod auf dem Nil مردن لەسەر نیل).
بە ڕاستی ئەم ڕۆمانە چۆڕکی ئێجگار زۆری ئەدەبی هەبوو لام. ئاگاتا کرسیتی خاوەنی چەندین ڕۆمانی پۆلیسیە. بەشکی زۆریشیان کراون بە فیلم. ئەم ڕۆمانەی ئاگاتا کرسیتی، باسی تاوانی کوشتنی ژنێک دەکات، لەسەر یەکێک لە کەشتیەکان لەسەر ڕووباری نیل. بەڵام ئەو بەشەوازێکی ئێجگار تایبەت، بەناخی تاوانباران و کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا دەڕوات. دەتوانم بڵێم ئەم ڕۆمانە بوو بە بەلەمێک و بەرەو دەریای ئەدەبی پۆلیسی بردم. پاش ئەم ڕۆمانە نووسەری مەزنی سوێدی هۆکان نەسەر Hakan Nesser نووسەری ئیتاڵی Gianrico Carofiglio یم ناسی. دیارە ئەمان خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیانن کە زۆر جیاوازە لە شێوازی نووسینی ئاگاتا کرسیتی. لە دواییدا باسی لێوە دەکەم، هەموو ئەمانە بوونە سەرەتایەک بۆ ئەوەی بەدوای ئەم ژانرە جوانەی ئەدەبدا بگەڕێم. بەڵام با سەرەتا بزانین ڕۆمانی پۆلیسی مانای چییە و چۆنە؟.

ڕۆمانی پۆلیسی چییە؟

ڕۆمانی پۆلیسی ئەو جۆرە ڕۆمانیە، کە زیاتر گرنگی بە مەسەلەی تاوان و تاوانکاران دەدات، هەوڵدەدات بۆ شۆڕشێکی ئەدەبی جوان، باسی تاوانێک بکات و بۆ خوێنەری دڵگەرتووو لە کۆتایشدا بکوژەکە یان تاوانباراکە ئاشکرا دەکات و دادگەرتە دادگا.
لەم جۆرەی ڕۆمانەدا باسی ڕووداوی تاوانێک دەکرێت، لە ڕێگەی (ئەفسەری پشکنەر، دیدەکتیڤ، کۆمیسارێکەوە) هەوڵی دۆزینەوەو گرتنی تاوانبارەکە دەدات.
لەمبارەیەوە ڕۆمانووسی ئەڵمانی Veit Heinichen دەڵێت: (ڕۆمانی پۆلیسی بریتییە لە چیرۆکێکی فەنتازی، کە بەشێوەی تایبەتی خۆی، هەوڵدەدات کۆمەڵگاکەمان پێ بناسێنێت. لەهەمانکاتیشدا، باسی چەند گۆشەیەکی تاریکی ناو کۆمەڵگە دەکات، کە ئێمە نایناسین).

سەرەتای ڕۆمانی پۆلیسی

لەبارەی سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕۆمانی پۆلیسی، کۆمەڵێک ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە. هەندێک پێیان وایە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دراماتووسی گەورەی یۆنانی Sophokles. کە لە ساڵی 425 زایندا، چیرۆکی (مەلیک ئیدیپس)ی نووسی. هەندێکی تر پێیان وایە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری گەورەی ئەڵمان شیلەر. کە لە ساڵی 1786دا چیرۆکێکی بەناوی(Der Verbrecher aus verlorener Ehre، تاوانبارێک لە خێزانێکی دەڵاو)دا نووسی. هەندێکیش ڕۆمانە مەزنەکەی(تاوان و سزا)ی نووسەری گەورەی ڕوسی دیستیۆفسکی، بە سەرەتای ڕۆمانی پۆلیسی دادەنێن.
بەڵام بۆیەکەمین جار ڕۆمانێکی پۆلیسی نووسرا بێت، کە تێواوی بنەماکانی ڕۆمانی پۆلیسی تێدابێت، لە لایەن نووسەری ئەمەریکی Edgar Allan Poe وەیە. ئەو لە ساڵی 1841 ڕۆمانێکی بەناوی (دوو کوشتن لەشەقامی مۆرگس) نووسی. ئەم ڕۆمانە بەسەرەتای ڕۆمانی پۆلیسی دادەنرێت، چونکە بۆیەکەمی نجار لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵیDetektiv (ئەفسەری پشکێنەر، کۆمیسار) دیاردەکەوێت. کە ئەمەش یەکێکە لە مەرجە سەرەکیەکانی ڕۆمانی پۆلیسی.
جگەی ئاماژەیە ئادگار ئالا پۆ " کە لە ساڵی 1809 لەدایک بووو ساڵی 1849 کۆچی دواییکردووە" ئەو لە یەککاتدا ڕۆژنامەوان و چیرۆکنووسێکی بەتوانا بوو، ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبوو لە پێشخستنی ڕەوتی ڕۆمانسیەت لە ئەمریکادا، بە باوکی ئەدەبی پۆلیسیش دادەنرێت.

مەرجەکانی ڕۆمانی پۆلیسی
دیارە ڕۆمانی پۆلیسی، کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. کە

تاوادەیەکی زۆر جیاوازە لە ڕۆمانەکانی تر. نووسەر و ڕەخنەگری ئەڵمانیUlrich Schulz پێی وایە دەبێت لە ڕۆمانی پۆلیسدا ئاگاداری سێ خاڵ بین کە ئەوانیش بریتین لە:
یەکەم: بوونی کەمیسار Detektiv.
دووەم: بوونی تاوانبار.
سێیەم: بوونی قوربانی.
ئەم سێ خاڵە بە مەرجی سەرەکی هەموو ڕۆمانێکی پۆلیسی دادەنرێت و هەر ڕۆمانێکیش ئەم سێ خاڵەی تێدا نەبێت، ناکرێت بە ڕۆمانی پۆلیسی دابنرێت، بگرە دەچێتە قاڵبی ڕۆمانی ترەوە.

دێتێکتیڤ یان کەمسیار

کەمیسار یان Detektiv ڕۆڵی سەرەکی لە هەموو ڕۆمانێکی پۆلیسییدا دەگێڕێت. کەمیسار ڕۆڵی ڕاژە دەبینێت، هەموو ڕووداو و پاڵەوانەکانی تر، بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. بە واتایەکی تر، هیچ ڕۆمانێک ناتوانین ناوی پۆلیسی لە بنێین، ئەگەرDetektiv یان کەمیساری تێدا نەبێت. لێرەدا کەمیسار ڕۆڵی ئەو کەسە دەگێڕێت کە تاوانی ڕۆمانەکەی لێسەرشانە و بە بە بوونی ئەم کەمیسارە، ڕۆمانەکە نوقسان دەبێت. هەربۆیە هەرکەسێک بیەوێت ڕۆمانێکی پۆلیسی بنووسێت دەبێت زۆر بە جوانی بزانێت ڕۆڵی کەمیسار دابەشبکات، چونکە ئەو دەتوانێت دەزووی ڕۆمانەکە بکاتەوە و دایببڕێت. دیارە مەرجیش نییە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەش بێت، بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە هەر دەبێت کەسێک هەبێت ڕۆڵی کەمیسار بگێڕێت.

تاوانبار
هەمیشە کەسی تاوانباریش ڕۆڵی گەورەی هەیە لە ڕۆمانی پۆلیسیدا، دەبێت نووسەر زۆر بە باشی بزانێت چۆن باسی هەست و نەست و هەڵکاری تاوانەکە بخاتە روو، جگە لەوەش دەبێت نووسەر زۆر بە وریاییەوە، ئەو جیاوازیانە دەربخات کە لە نێوان کەسی تاوانبار و کەسی ئاساییدا هەیە. باسکردنی ڕۆڵی تاوانباریش، بنەمایەکی سەرەکی تری ئەجڕە ڕۆمانییە، گەر نووسەر سەرکەوتوو نەبێت لە باسکردن و داشتنی کەسایەتی تاوانبار، ئەوا سەرکەوتوو نابێت. لەهەمانکاتیشدا گیان و پشکنین بەدوای تاوانباردا، کارەکی تری نووسەرە کە لەمشدا دەبێت نووسەر زۆر بە سەلیقەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. هەروەها دەبێت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا کەسی تاوانبار بدەزرێتەوە، دەنا ناچێتە قاڵبی ڕۆمانی پۆلیسییەوە. لەلایەکی ترەوە زۆرجار لەیەک ڕۆماندا تەنها یەک کەس تاوانبار نییە، بگرە لەوانەیە تاوانبار چەند کەسێک بێت، بە نموونە لە ڕۆمانی ” کوشتن

لە شەندەفاری خارەکاتدا" لە نووسینی ئاگاتا کریستی، لەکۆتاییدا کەمیسار هیرکل بوارو دەگاتە ئاو دەرئەنجامەی، 13 کەس تاوانبارن لە کوشتنی راتشیتی قوربانی، کە هەر هەموویان چەقیان کردووە بە جەستەیدا.

قوربانی

هەروەک چۆن داشتنی کەسایەتی تاوانبار گرنگە، بەهەمانشێوەش داشتنی کەسایەتی قوربانیش زۆر گرنگە. دەبێت نووسەر لە رۆمانەکەدا ئاوە بە خوێنەر شیبکاتەوە ئاو کەسە چۆن بووە بە قوربانی؟! هەروەها بڕچیش بووە بە قوربانی؟ جگەی ئاماژەیە زۆرجاریش لە یەک رۆماندا چەند قوربانییەک دەبینین، بۆتایبەتی کاتێک باسی کەسایەتییەکی سادیی بکرێت کە زۆر حەزی لە کوشتنی خەڵکی ئاسایی بێت.

چەند ڕەگەزێکی تر

جگە لەم سێ خاڵە، چەندین ڕەگەزی تریش هەن کە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە ڕۆمانی پۆلیسیدا بۆتایبەتی "زمان، شوێن، دیالۆگ، گرێ" بۆتایبەتی گرێ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

گرێ

هیچ ڕۆمانێکی پۆلیسی بەبێ (گرێ) نابێت. هەموو کاتێک نووسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی (گرێ)ـوە، خوێنەر بۆ ناو ڕۆمانەکە پەلکێش بکات. (گرێ)ش لە ڕۆمانی پۆلیسیدا، واتە دەزینەوەی تاوانبارەکەیە. زۆرجار لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، بەدەزینەوەی تاوانبارەکە لەلایەن Detektiv وە، گرێی ڕۆمانەکە دەکرێتەوە. دەبێت نووسەر زۆر بە جوانیی و وریاییەوە ئەم گرێیە بکاتەوە، بگرە دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو مەرجانەی کە سەرکەوتویی ڕۆمانێکە دیاری دەکەن، چونکە نووسەر سەرکەوتوو نابێت لە شیکردنەوەی دەزووی گرێی ڕۆمانەکەی، ڕۆمانەکەی لای خوێنەر مایەی گرنگی نابێت و نایخوێنێتەوە.

زمان

زمان لەم جۆرە ڕۆمانەدا شێوەیەکی ئاسان و ساکاری هەیە، چونکە ڕۆمانی پۆلیسی زیاتر بۆ خەڵکی ئاسایی دەنووسرێت و زیاتر ئەوان تالیبی ئەو جۆرە ڕۆمانانەن. هەربۆیە زمانی ڕۆمانی پۆلیسی، خێی لە دەستەواژەی فەلسەفی و قورس لادەدات. هەوڵدەدات بە زمانێکی ئاسایی باسی ڕووداوەکان بکات. هەروەها دەبێت نووسەر ئاگاداری شێوازی قسەکردن و ڕەفتاری تاوانکاران بێت کە زۆرجار کەمک تایبەتە.

شوێن
شوێن لە ڕۆمانی پۆلیسیدا، جێگایەکی گرنگ و تایبەتی هەیە. شوێنی ڕووداوەکە یان تاوانەکە، دەبێت بەشێوەیەکی ئێجگار جوان وەسف بکرێت. هەموو کاتێکیش نووسەر هەوڵدەدات، لە دەوری ئەو شوێنەی کە تاوانەکەی تێدا ڕووداوە، بکاتە شوێنی سەرەکی لە ڕۆمانەکەیدا.

جۆرەکانی ڕۆمانی پۆلیسی
دیارە ڕۆمانی پۆلیسی چەندین جۆری هەیە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندیەکی زۆری داوە بەم جۆرەی ڕۆمان.

ڕۆمانی پۆلیسی کۆمیدی
لەم جۆرە ڕۆمانەدا، نووسەر هەوڵدەدات، لە ڕێگەی کۆمیدیەوە بچێتە ناو ڕۆمانەکەوە. زۆرجار لە ڕێگەی Detektiv وە هەوڵدەدات شێوازێکی کۆمیدی بداتە پاڵەوانەکانی. دیارە چەندین نووسەر پشتیان بەم جۆرە بەستووە، لەسەر و هەموشیانەوە ژنە نووسەری مەزنی ئینگلیزی Agatha Christieئاگاتا کریستی. کە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکانی، لە ڕێگەی کۆمیدیەوە باسی تاوانەکان دەکات. هەروەها چەندین نووسەری تریش هەن، کە پشت بە هونەری کۆمیدی دەبەستن لەوانە Charlotte MacLeod, Donna Leon, Anne Chaplet, Christopher Stahl

ڕۆمانی پۆلیسی مێژوویی
لەم جۆرەدا نووسەر هەوڵدەدات باسی تاوانێک بکات، کە لە چەرخە کۆنەکاندا ڕوویداوە. لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدات، لە ڕێگەی ڕۆمانەکەوە، باسی شارستانی ئەو شوێنە بۆ خوێنەر بکات. لەوانە ڕۆمانی Agatha Christie، Rachende Geister کە باسی مێژووی شارستانی میسری کۆن دەکات. دیارێ ئەمجۆرەی ڕۆمانی پۆلیسی زۆر قورس، دەبێت نووسەر شارەزایێکی ئێجگار باشی هەبێت لێ بارەی مێژووی ئەو ڕووداوەی کە باسی دەکات، دەبێت لێ هەموو ڕوویەکەوە، پاڵەوانەکانی بەو شێوەیە دابڕێژێت، کە لەو سەردەمدا ژیاون.

هەستبزوێن Thriller
ئەمیش جۆرێکی تری لە ڕۆمانی پۆلیسی. هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی تر نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لەم جۆرەدا ڕەگەزی (باش و خراپ) بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. نووسەر هەوڵدەدات مەسەلەی (چاکە و خراپە) بە تەواوی دەربخات. Detek کۆمیسار دەبێتە پاڵەوانی (چاکە) و دژی تاوانبار (خراپە) دەجەنگێت. لە کۆتایشدا دەبێت(چاکە) سەربکەوێت بەسەر خراپەدا. دیارەThriller لە سینەمادا زیاتر بەکاردێت. بەشی زۆری فیلمەکانیش، لەو ڕۆمانانە وەردەگیرێن، کە

لەسەر ئەم جۆرە نووسراون.

ڕۆمانی سایکۆلۆژی پۆلیسی
تاوانبار لێرەدا کەسێکە، نەخۆشی دەروونی هەیە. هەر ئەم نەخۆشیەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی تاوانەکەی. بۆ نموونە لە ڕۆمانە مەزنەکەی (تاوان و سزای) دیستۆیفسکی، ڕاسکۆلنیکۆف گەنجێکی خوێندکارە، نەخۆشیە دەروونیەکەی وای لێدەکات، کە تاوانێکی گەورەی کوشتن ئەنجام بدات. بە واتایەکی تر نووسەر هەوڵدەدات، باری دەروونی کەسێک شیبکاتەوە و چۆن ئەم بارە دەروونیەش، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک تاوانێک ئەنجام بدات، لە حاڵەتێکدا ئەم کەسە تاوانبار نییە، بەڵکو نەخۆشی دەروونی هەیە. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، دەبێت نووسەر شارەزایەکی زۆر باشی لە زانستی سایکۆلۆژی هەبێت. گەر نووسەر زاڵ نەبێت بەسەر ئەم زانستەدا، ناتوانێت ڕۆمانەکەی بەباشی بنووسێت.

ڕۆمانی پۆلیسی ڕەخنەگرانە یان کۆمەڵایەتی
لەم جۆرەدا نووسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی تاوانێکەوە، ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵگە بکات. لێرەدا نووسەر پەل دەهاوێت بۆ ناو هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەوە، بەچاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە (ئایین، سیاسەت، نەریت و فەرهەنگی) ناو کۆمەڵگە. دیارە ئەم جۆرە ڕۆمانەش لەم چەند ساڵەی دواییدا سەریهەڵدا. ئەویش زیاتر لە ڕێگەی نووسەرە سوێدیەکانەوە بوو بەتایبەت هەردوو نووسەری مەزن (Henning Mankell ,,Hakan Nesser). بەش بەحاڵی خۆم زیاتر حەزم لەم جۆرەی ڕۆمانی پۆلیسیە. پێش ماوەیەک ڕۆمانێکی Hakan Nesser, خوێندەوە بەناوی Münsters Fall . ئەوە یەکەمین ڕۆمانی ئەو نووسەرە بوو خوێندمەوە. بەڕاستی زۆر شارەزایانە باسی(تەنهایی، پیری، شانس) کردووە. Hakan Nesser ئێجگار بەتوانایە، لە وەسفکردنی تاوانباران، ئێجگار شارەزایانە ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵگەی سوێدی دەکات.
نووسەرێکی تری ئیتاڵیش هەیە، بەناوی Gianrico Carofiglio، دیارە جگە لەوەی نووسەرێکی گەورەیە، حاکمێکی ناسراوە لە دژایەتی مافیا لە ئیتاڵیا. هەروەها ماوەیەکیش سیناتۆر بوو لە پەرلەمانی ئیتاڵیا. ئەم نووسەرەش لە ڕێگەی ڕۆمانی پۆلیسیەوە، توانیوویەتی ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی کۆمەڵگەی ئیتاڵیا بکات. یەکەم جار ڕۆمانی Reise in die Nacht م خوێندەوە. کە باسی کوشتنی منداڵێک دەکات لە شاری باری. لەسەر ئەم تاوانەش، بۆ ناڕەوا کۆچەرێکی سێنیگالی دەستگیر دەکرێت. هەموو خەڵکی ئەو تاوانبار دەکەن، بەڵام دوایی دەردەکەوێت کە ئەو بێ تاوانە. هەر لێرەدا نووسەر زۆر بە جوانی

وەسفی هەستی فاشیستانە و راسیزستانەی ئیتالیەکان دەکات، بەرامبەر بە خەڵکی بێگانە. لە ڕۆمانێکی تریشیدا بە ناوی In Freiem Fall ، باسی کێشەی ژنێک دەکات، کە بە منداڵی باوکی پەلاماری سێکسی داوە. هەر ئەم کارەش تەواوی ژیانی ئەو کچە تێکدەدات. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، دەبێت نووسەر شارەزایی باشی هەبێت، لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. دەبێت زۆر شارەزایانە ڕەخنەکانی ئاڕاستەی کۆمەڵگە بکات و لە چۆنێتی داشتنی ڕووداوەکان و پاڵەوانەکاندا زۆر شارەزا بێت. دیارە لە ئێستادا زیاتر ئەم جۆرەی ڕۆمانی پۆلیسی بڕۆیی هەیە بۆتایبەتی لە ئەورووپادا.

بۆچی ڕۆمانی پۆلیسی گرنگی سەند؟

لە پاش ساڵەکانی شەستی سەدەی ڕابردوودوا، ڕۆمانی پۆلیسی بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر، لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور گەشەی سەند. بەتەواوی بوو بە ئەدەبی میللی (شەعبی)، چونکە هەموو کەسێک ڕووی لەم جۆرە ڕۆمانانە کرد. دیارە لەمشدا کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی ڕۆیان هەیە، لێرەدا هەوڵدەدین باسی هەندێکیان بکەین.

ئەدەبی سەرکێشی

هەندێک ڕەخنەگر پێیان وایە کە ڕۆمانی پۆلیسی، درێژکراوەی ڕۆمانکانی سەدەی پێشووە بۆتایبەتی ئەوانەی دەچنە قاڵبی ئەدەبی"سەرکێشی، مغامرات"ـەوە. هەر لەم بارێوە ڕەخنەگری ئەڵمانی Ulrich Schutz دەڵێت:(هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ڕۆمانی پۆلیسی درێژکەرەوەی ڕۆمان یان ئەدەبی(Abenteuer، مغامرات) بوو. لەم ڕۆمانانەشدا خوێنەر حەز بە سەرکێشیی"مجازەفە" و شێتیەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکان دەکات).

دووركەوتنەوە لە سیاسەت

لەلایەکی تریشەوە لەو ساڵانەدا جەنگی ساردی نێوان بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، خەڵکی تووشی بێزاری کردبوو، هەربۆیە خەڵکی زیاتر بە دوای جۆرە ڕۆمانێک دەگەڕان، کە دووریان بخاتەوە لەو ژیانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جەنجاڵەی ئەو کات.

حەزی گومان و پشکنین

لە هەمانکاتیشدا ڕۆمانی پۆلیسی جۆرە تایبەتمەندیەکی تێدایە، کە هەستی (فضولیەت) لای خوێنەر دەوروژێنێت. خوێنەر زیاتر حەز دەکات بەدوای ڕووداوەکانەوە بێت و کەسی تاوانبار بدۆزێتەوەو لە هۆکاری تاوانەکە ئاگادار بێت.

ڕۆی سینەما و تیقی لە پشکەوتنی ڕمانی پلیسی
یەکێک لە هۆکارەکانی تری پشکەوتن و گۆشەی خرای ڕمانی پلیسی، سینەما و تیقیە. لە پاش سانی شەستەکانی سەدەی رابردووەدا، ڕمانی پلیسی ڕەواجێکی ئجگار گەورەی لە سینەما و تیقیدا پەیداکرد. بەتایبەتی هلیود، گرنگییەکی زری بەم جرە ڕمانانە دەدا. ئەمە لە وتانی خرئاوادا فیلمی پلیسی یان زنجیرەی درامای تەلەفزیونی پلیسی، هەموو کەناڵەکانی تیقی گرتتەوە. وای لهاتووە هەموو شەوێک فیلمێک یان زنجیرەیەکی تەلەفزیونی پلیسی پشکەش دەکرت. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ئەم جرە فیلمانە سەرنجی بینەر زیاتر بۆلای خ ڕادەکشت. هەربۆیە ئەوانیش زیاتر خەریکی ئەم جرە کارانانەن. دەتوانم بم، ئەمە فیلمی پلیسی جگای فیلمی کاوبۆی یان (Western,عەصابە)ی کنی گرتتەوە.
دیارە ئەمەش هندەی تر، ڕمانی پلیسی پشخست، چونکە بەشی زری ئەو فیلمانە، لە ڕمانە پلیسیەکانەوە وەردەگیرت. بەواتایەکی تر، ئەمە سینەما و تیقی ، گەورەترین هکارن بۆ گەشەسەندنی ئەم جرەی ڕمان.

زربوونی تاوان
لگە زربوونی ژمارەی دانیشتوان، تاوانیش زیادیکردووە، هرئەمش وایکردووە کە ئمە ڕژانە گومان لە تاوانێک بت، هر تاوانکیش چیرۆکێکی دتزینی لە پشتەوەیتی، خکیش وایانلهاتووە کە بە دوای چیرۆکی تاوانکاندا بگن و لە هکاری تاوانکە بکنەوە. هرەوها بوونی تاوانی زریش.

نووسرانی بواری ئدبی پلیسی
دیارە لەم ژانرەی ئدبیشدا کەمێک نووسر لە جیهاندا ناوبانگیان دەرکردووە لەوانە: Charlotte MacLeod, Donna Leon, Anne Chaplet, Christopher Stahl,,Hakan Nesser Gianrico Carofiglio. Henning Mankell بەناوبانگ ئەوەی کە لە تەواوی جیهاندا بەم ئدبە ناسراوە، ژنە نووسەری بریتانی ئاگاتا کریستییە، کە پش چند ساڵێك گفتاری " قسەت دەر فراون" ئەمانی بە " شاژنی کریمی" ناوی بردووە.

ئاگاتا کریستی و دایکی ڕمانی پلیسی
ئاگاتا کریستی لە 15 سپتەمبەری 1890 لە باشووری بریتانیا لەدایک بووە و لە 12 کانوونی دووەمی سانی 1976 کچی دوایی کردووە. هیچ ژنە نووسەرێکی بریتانی و جیهانیش هندەی ئاگاتا کریستی لە جیهاندا ناسراو نییە. لە پاش کتبی ئینجیل و کارکانی شکسپیر،

کتێبەکانی ئاگاتا کریستی دەن کە پێ فرۆشترین کتێبی جیهان بوون، هەتاوەکو ئێستا زیاتر لە دوو ملیارد نوسخە لە کتێبەکانی لە جیهاندا فرۆشراون. ئەم ژنە لە تەمەنیدا 66 رۆمانی پۆلیسی و 23 شانۆ و کەمێک کورتە چیرۆکی نووسیوە، جگە لەوەش بە ناوی خوازراویشەوە چەند کتێبکی چاپ کردووە. بەشکی زۆری رۆمانکانیش کراون بە فیلمی سینەمایی، تاوەکو ئێستا22 فیلمی سینەمایی و 76 فیلمی تەلەفزیۆنی لە رۆمانکانی ئاگاتا کریستی بەرهەمهێنراوە. جگە لەوەش رۆمانکانی وەرگێڕاون بە سەر 104 زمانی جیهانی و رۆمانیAnd Then There Were None لە جیهاندا زیاتر لە 100 ملیۆن نوسخەی لەفرۆشراوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم کتێبە ببێت بە پەرفرۆشترین کتێبی جیهان.
ئاگاتا کریستی خاوەنی شێوازێکی تایبەتی نووسین بوو، بەشێوەیکی ئەدەبی زۆر جوان، هەوێداوە بەدوای تاوانبارانەدا بگەڕێت و تاوانکانیان ئاشکرا بکات. ئەوەی مایەی سەرنجە کە ئاگاتا کریستی لە ژیانی شەخسیدا زۆر دووربووە لە بواری ئەدەبی پۆلیسی، ئەو لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا، پەرستار بووەو لە نەخۆشخانەکاندا یارمەتی سەربازە بریندارەکانی داوە، وەکو خۆشی دەڵێت، ئەو ماوەیە سوودی زۆری لەو چیرۆکانە وەرگرتووە کە سەربازە بریندارەکان بۆیان گێڕاوەتەوە، زۆرجار خۆشی هەوێداوە چیرۆک بە سەربازە بریندارەکان بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ئازار و برینەکانیان لەبیر بچێتەوە. لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیشدا، وەکو یاریدەدەری پزیشکی لە یەکێک لە دەرمانخانەکاندا کاریکردووە، لەو کاتەشدا جەنگ بووە، وەکو خۆشی دواتر دەڵێت: ئەو ماوەیش زانیاریی زۆری لە بارەی ماددەی ژەهرەوە وەرگرتووە، کە لە بەشێک لە رۆمانەکانیدا باسی ئەو تاوانبارانە دەکات کە بە ژەهر قوربانییەکانیان دەکوژن.
بە گشتی ئاگاتا کریستی زۆرێک لە مژوونوسان و ئەدیبانی جیهان، ئەو بە دایکی گۆڕەی ئەدەبی پۆلیسی دادەنێن، ئەو چ لە رووی شێواز و ناوەرۆکیشەوە، شێوەیکی گۆڕەی بە سەر ئەدەبی پۆلیسیدا کردووەو دواتریش بۆتە مامۆستایەک بە زۆر نووسەری تر. هەر بۆیە کاتێک باسی ئەدەبی پۆلیسیمان کرد، ناچارین کە باسی ئاگاتا کریستیش بکەین، کەسێکیش بیەوێت لە ئەدەبی پۆلیسیدا شارەزا بێت، ئەوا هەر دەبێت کار و بەرهەمەکانی ئاگاتا کریستی بخوێنێتەوە.

ئەمە و رۆمانی پۆلیسی

بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەمەی کورد، چ لە رووی رۆمان یان چیرۆک تەنانەت هەڵبژێنەوەیەکی ئەدەبیشمان لەسەر رۆمانی پۆلیسی زۆر کەم. کە بە بۆای من ئەمەش خەوشێکی گەورەیە. کاتێک سەیر دەکەیت،

ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا گرنگی و بایەخێکی ئەجگار زۆر دەدرێت بەم ژانرەی ئەدەب. ساڵانە چەندین خەڵاتی جۆراجۆر بۆ ڕۆمانی پۆلیسی هەیە. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا خەڵاتێکی تایبەتیان هەیە بەناوی Deutsche Krimi Preis ، کە تایبەتە بە نووسەرانی ڕۆمانی پۆلیسی. هەروەها لە فەرەنساش ڕۆمانی پۆلیسی بایەخی زۆری هەیە، هەربۆیە خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی Grand prix de littérature policière بۆ ڕۆمانووسانی پۆلیسی داناوە.

بۆچی ئەمە ڕۆمانی پۆلیسیمان نییە؟

دیارە ئەم پرسیارەش زۆر گرنگە ئەمە لە خۆمانی بکەین، بۆچی تاوەکو ئێستا ئەمە زۆر کەم ڕۆمان یان چیرۆکی پۆلیسمان کەم؟ یان بۆچی نووسەران هیچ بایەخ و گرنگیەک بەم ژانرەی ئەدەب نادەن؟ بە بۆای من کەمەڵک هۆکار هەن بۆ ئەم پرسەش، کە دەتوانم لە چەند خاڵێک یان هۆکارێک کۆیبکەمەوە.

- ئەمە بە گشتی زۆر درەنگ بە کاروانی ئەدەبی جیهان گەیشتین، بەتایبەت زۆر درەنگ (ڕۆمان)مان ناسی. هەمووی پێنچا ساڵەکە ڕۆمانووسمان هەیە. ئەگەر هۆندە درەنگ ئەمە بە ژانری (ڕۆمان) ئاشنا بووبێتین، دەبێت زۆر ئاسایی بێت لامان، کە هێشتا شارەزاییمان لە هەموو جۆرەکانی (ڕۆمان) نەبێت.
- زاڵبوون و داگیرکردنی هونەری (شیعر) بەسەر ئەدەبی کوردیدا. کە ئەمەش گورزێکی باشی لە ژانرەکانی تری ئەدەب داوە. بەگشتی نووسەرانی کورد لە سەدەی پێشوودا زیاتر خۆیان بە هونەری (شیعر) خەریک کردووە. کە ئەمەش تەرازووی ئەدەبیمانی لاواز کردووە.
- نەبوونی دادگای سەربەخۆ و ناشارەزایی لە زانستی گەڕان بەدوای تاوانبارانداا.

دیارە بە حوکمی ئەوەی هێشتا لە وڵاتی ئەمە حوکمی یاسا بەرقەرار نەبووە، لەبەرئەوە گەڕان بەدوای تاوانباران و دۆزینەوەی تاوانباران، کارێکی زەحمەتە. بەشێکی زۆری ڕۆمانە پۆلیسیەکانیش، سوود لە پۆلیسخانە و دادگاکان وەردەگرن بۆ ئاوەڵی چیرۆکی تاوانبارنیان دەستبکەوێت. هەمیشە دۆزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، سەرچاوەی سەرەکی ڕۆمانووسانی پۆلیسی بوون، لە ڕگەی چیرۆکی تاوانبارانەوە، توانیویانە ڕۆمانی پۆلیسی زۆر جوان بڕەهەم بهێنن، بۆچەندین شۆڕش هاوکاری ئەو نووسەرانە کراوە کە خەریکی نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی بوون و کار ئاسانیان لاڕێن ئەو دۆزگایانەوە بۆ کراوە.

- بارووددخی سیاسی گەلی کورد، دیارە بە حوکمی ئەوەی ئەمە هێشتا لە قۆناغی خەباتی رزگاریداین، زیاتر نووسەران هەوڵیان داوە، لە ڕگەی ئەدەبەوە، ئازار و مەینتەکانی گەلەکەمان بخەنە روو. ژیانە ئاڵوزو زەحمەتەکەی کورد، وایخواستووە کە نووسەران زیاتر خەریکی ڕمانی (سیاسی و کۆمەایەتی) بن و خیان بۆ ئدەبی پلیسییەوە خریک نکن.
- سەیرکردنی ڕمانی پلیس بە چاوکی نزم و بۆ بایەخ، بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەشکی زری نووسەرانمان، جارە هەستکی هەیان هەیە، کە بە چاوکی نگەتیڤەوە سەیری ئەم ژانرەی ئەدەب دەکەن دیارە ئەمەش بە بۆای من هکەی دەگەڕتەوە، بۆ نە شارەزایی بوونیان لەم جارە ڕمانە. بە گشتی کاتک باسی ڕمانی پلیس دەکرت، وادەزانن کە ڕمانی پلیسی، بۆ شتکی بۆ بایەخ و نزم سەیر دەکرت. لەحاەتکدا ئەمڕۆ ڕمانی پلیسی، هەموو جیهانی گرتەتەوە.

دوا قسە

ئستا لە تواوی جیهاندا، ڕمانی پلیسی لە چاو جارکانی تری ڕماندا لە گشەیکی بردوامدایە و لناو خونەرانیشدا، ڕواجی زری هەیە. بداخەوە لە کوردستاندا بۆ شوێنە نییە.
دیارە بۆ قسەکردن لەبارەی ئدەبی پلیسی زری دەوت. گەر بتەوت بەشیوەیەکی باش شارەزایی لەسەر ئدەبی پلیسی وەربگریت، دەبت چەندین کتب و وتار بنووسین. هیوادارم من توانیبتم، لە ڕگەی ئەم لکۆینەوەیەوە، کەمک زانیاری بە خونەری کورد بگەیەنم. لەهەمانکاتیشدا تیشککی بچووک بخەمە سەر ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب کە لە جیهاندا گرنگی زری پدەدرت.

_____

سەرچاوەکان :

1. Agatha Christie. Der Tod auf dem Nil. Scherz Verlag. München.1978.

2. Interview mit Veit Heinichen www.krimi-couch.de

3. محمد يوسف. من هي اجاتا كريستى. سايتى الباحثون المصريون. https://egyresmag.com/

3. Ulrich schutz. Aktuelle Formen und Tendenzen des Kriminalromans.

Institut für Romanistik. . Hamburg.2008.5
4. ڕمانی تاوان سزا. دیستۆفسکی. وەرگێڕانی ڕەئووف بێگەرد. چاپخانەی ھەنج. سلێمانی.2007.6
Hakan Nesser.Münsters Fall؛btb Verlag.München.2008...6
Reise in die Nacht .Goldman Verlag.München.2008.7..
Gianrico Carofiglio
In freiem Fall .Goldman Verlag.München.2008.. Gianrico .5
Carofiglio
Aktuelle Formen und Tendenzen des Kriminalromans. .6
Institut für Romanistik. . Hamburg.2008

www.welt-der-frauen.atAgatha Christie: Die Königin des . …10
Kriminalromans

شیعر لە پەراوێزی کتێبی ئاوە مەحاڵەکان.. سەدیق سەعید ئاندزی

شیعر چییە؟ یەکێک لەو پرسیارانەی بە درێژایی مێژوو، وەاڵمێکی لۆژیکی و بابەتی و ماناداری نییە. بەو پێیەی ھەمیشە شیعر وەک ژانرێک لە دەرەوەی پێناسەکردن دەبینرێت. تەنانەت خودی شاعیرانیش لە ئەزموونی شیعرییانەی خۆیاندا، ھەمیشە خۆیان لەو پرسیارە دەبوێرن. ژان کۆکتۆی شاعیر و ھونەرمەندی ئینگلیز، دوای ساڵانێک لە نووسینی شیعر دواجار گوتی:(شیعر پێداویستییەکە خۆزگە دەمزانی بێ) گەلێک جار پێناسەی پەخشان ئامێز و ئازانەوەی زمانەوانی بێ شیعر و دنیای شیعر دەکرێت، کە ھەندێک بە ئیلھام و ھەندێک بە ئامان و دیتن و بەرکەوتن و کاریگەریەتی سۆز و خەیاڵ و گەلێک ناونیشانی دیکەش دەیناسێنن. بەڵام دواجار شیعر لە دەرەوەی ھەموو جۆرە پێناسەیەکە. نووسەری کتێبی (ئاوە مەحاڵ) یش، ھەوڵدەدات پێناسەیەک بێ شیعر دابتاشێت، لە کاتێکدا شیعر ناچێتە نێو چوارچێوەی ھیچ پێناسەیەکەوە، بە تایبەتیش ئەو پێناسە سادە و بێ مانایانەی ئەو بێ شیعر لەو کتێبەدا کردوونی. ناوەڕۆکی کتێبەکە، لە چەند وتارێک پێکھاتووە لە بارەی ئاڤەکردنی شیعر و ھەوڵدان بێ

پێناسەکردنی و دواتریش باسکردن لە شیعری هاوچەرخ و دنیابینی شاعیران بە گشتی. بەر لە هەموو شتێك دەکرێ بڕێین، زمانی دوان لە شیعر لەو کتێبەدا، زمانێکی هێندە سادە و نا لێژیکی و نا هونەری و نا بابەتییە، کە خوێنەر سەیری پێ دێت ئەم جۆرە پێناسانە بۆ شیعر بکرێن کە تا ئێستاش نەتوانراوە شیعر وەك ئەوەی کە هەیە پێناسە بکرێت. کەچی نووسەری کتێبەکە، بە هەندێك دەربڕینی نامۆ و گوازرشتی نا ئەدەبییەوە، دەیەوێت شیعر پێناسە بکات.

بۆ نموونە دەنووسێت:(شاعیر دەبێ کێردێکی تیژ تیژ بێ هەحمانە بە ناو زامی مرۆڤدا بگڕێت و توێ توێ خوێی پێوە بکات، ئەمە شیعرییەتی ڕاستەقینە بە شیعری کوردی دەبەخشێ و بێ باکانە بە ئەفسانەی دەسپێرێ و دەق لە خوێنەری تەمەڵیش دەپارێزێت. لا58) ئەم جۆرە وەسفانەی شیعر، لە دنیای شیعری ئەمڕۆدا جێگەیان نابێتەوە. ئەم جۆرە ناساندنە، لەوە دەچێت کە چێن شۆفێك خەڵکی فڕی بە چۆڵترین و خۆشترین چۆڵ لێنان دەکات. مانای چییە شاعیر کێردی تیژی پێ بێت، ئایا شاعیر گۆشتفرۆشە؟ ئەمە دەزانین مەبەستی لە زمان و گوتاری شیعرییانەی شاعیرە، بەڵام ئایا بەم جۆرە پێناسە نامۆ و کەمدییانە، وەسفی شاعیر دەکرێت؟ وتارەکانی ئەم کتێبە، هێندەی لە وتاری ڕۆژ و ڕاگوزەر و دیدی ڕۆژنامەنووسێکی بێ ئەزموون دەچن، هێندە بەرهەمی دنیابینی نووسەرێك نییە، کە تەمەنێکی زۆری لەگەڵ ئەدەب بردبێتە سەر.
ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ شیعر، بە بۆای من بە پلەی یەکەم، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەری کتێبەکە چیێکنووسە و هیچ پەیوەندییەکی بە دنیای شیعرەوە نییە. کەسێکیش لە بوارێك شارەزایی نەبێت، بە دنیاییەوە ناساندن و پێناسەکردنیشی هەنگداوەوەی ئەو ناشارەزاییە دەبێت. ئەمە بەو مانایە نییا کە نەتوانێت لە شیعر بدوێت، بە پێچەوانەوە، بەڵکو بەو مانایەی ناکرێت بەو شێوەیە لە شیعر بڕوانێت کە تیایدا هەموو هەهندەکانی شیعر لە چەند دیدگایەکی سادە و بێ ئەرزش کەدەکاتەوە. وتارەکان جگە لەوەی هیچ ڕایەڵکی بابەتی بە یەکەوەیان نا بەستێتەوە، هاوکات لەگەڵێك شوێنی کتێبەکەش دووبارە دەبنەوە. بگومان ڕاڤەکردنی شیعر بە کێی گشتی و بە بێ لە بەرچاوگرتنی قناغ و مۆزووی شیعریی، ڕاڤەکردنێکی نا تەواو دەبێت. ئەزموونی شیعریی، بەرمەبنای سەردەم و قناغێکی دیاریکراوە و دواتر ئەزموونی دیکە دێنە ئاراوە. ئەم هەمە چەشنییە لە ئەزموونی شیعریدا، پێویستی بە ڕوانگەی جیاواز و خوێندنەوەی جیاواز دەبێت. کە چی نووسەری ئەو کتێبە، هەوڵدەدات ئەزموونی شیعری بە کێی فۆرم و دنیابینی جیاوازەوە، بخاتە نێو یەك شوناس و

پێناسەوە. ئەم پێناسە و ناساندنەی نووسەر بۆ دنیای شیعر و نوێخوازی شیعر و گەلێك چەمکی دیکەی دەکات، لە دنیای شیعردا نە باوی ماوە، نە گوزارشتکردنێکی بابەتی و لۆژیکیانەشە بۆ شیعر. بۆ نموونە نووسەر لە بارەی شاعیری گەورە و شاعیری بچووك دەنووسێت:(جیاوازی شاعیری گەورە و بچووك ئەوەیە، کە بچووك کاتێ گوزارشت دەکات تەنیا گوزارشت لە خۆی دەکات، بەڵام گەورە کە گوزارشت دەکات ئەوا گوزارشت لە هەموو سەردەمەکەی دەکات.لا13) لە ڕاستیدا، دەستەواژەی شاعیری گەورە و شاعیری بچووك لە دنیای ئەدەبدا، پڕڵێنکردنێکی نا لۆژیکی و نا شیعرییە، نەك لە بەر ئەوەی نەتەوەیەك شاعیری گەورە و هەڵکەوتووی نەبێت وەك (شەرکێ بڵکەس لە کورد و دەروێش لە عەرەبەکان) بەڵکو بەو مانایەی کە نووسەری ئەو کتێبە دیاریکردوە بۆ لێك جیاکردنەوەی شاعیری گەورە و بچووك. هەتا ئێستا، تێوانینی هێندە نامۆ و سەیرم بۆ شیعری کوردی، لە میانەی خوێندنەوەدا نەبینیوە. چونکە شاعیری گەورە و بچووك بەوە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە.
لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەزموونی شیعری کوردی بە گشتی، دەبێتە ئەزموونێکی خودگەرایی و تاکەکەسی و چیتر بابەتی نابێت. ئەگەر لە ڕابردووی شیعری کوردیدا، چەمکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بەرگریی و ئازادی و گوزارشتکردن لە تراژیدیای نەتەوەیی، ووبەری شیعری کوردی پڕ بهێنن، ئەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەو گوتارە لە شیعری کوردی نامێنێت. تەنانەت (شەرکێ بڵکەس) کە بە هەڵگری ڕوحی تراژیدی و مۆژووی بریندار کورد لە شیعری کوردیدا دەناسرێت، دنیابینی لە دەقی (ئێستا کچێك نیشتمانمە) بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت. ئەگەر بەو پێوەرەی نووسەری کتێبەکە بێت، دەبێ شەرکێ بڵکەس لە لوتکەی شیعری کوردییەوە دابەزیبێتە بنار، چونکە چیتر گوزارشت لە سەردەمەکە و واقیعی گشتی ناکات. ئایا ئەمە ڕوانینکی بابەتییە بۆ شاعیری گەورە و بچووك؟ ئەگەر بەو پێوەرەی حەمە کەریم عارف، بۆ ڕوانینە شاعیری گەورە و بچووك، ئەوا لە ئێستادا یەك شاعیرمان نییە گەورە بێت و هەموویان بچووکن. چونکە هیچ شاعیرێك نییە لەو سەردەمەدا ئەزموونێکی خودگەرایی لە شیعردا بەرجەستە نەکات. شیعری ئێستا کە بە شیعری سەردەمی مۆدێرنە دەناسرێت، بە جۆرێك سادە و خودی بێتەوە، کە شاعیرانێك ئەزموونە زۆر تایبەتی و کەسی و بگرە قسە ڕۆژانەییەکانی ژیانی خۆیان دەکەنە شیعر. ئیدی کە شاعیرێك لە بابەت و واقیعە گشتییەکە دابڕا، مانای وانییە شاعیرێکی بچووکە. بۆ نموونە: کەس دەتوانێ بە سەباح هەنجەر بڵێت شاعیرێکی بچووك چونکە ئەزموونی شیعری تا ئەوپەڕی کەسی و خودی و تایبەتییە؟ لە کاتێکدا ئێستا یەکێکە لە دەنگە جیاواز و تایبەتییەکانی شیعر؟

بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆ شاعیری گەورە و بچووك، تەنها لای نووسەری ئەم کتێبە بوونی هەیە و لە دنیای شیعر و ئەدەبیاتدا، خەوشێکی گەورەیە بەم شێوەیە ئەزموونی شاعیران ناڤە بکرێت.

لە بارەی نوێخوازی شیعرییەوە، کە بێگومان نوێخوازی بە تەنها لایەنێکی هونەری شیعر ناگرێتەوە، بەڵکو هیچ نوێکارییەك نییە لە شیعردا ئەگەر زمان و دنیابینی و فۆرمی شیعری نوێ نەبێت، نووسەری ئەم کتێبە دەنووسێت: (نوێخوازی نەیاری هەر دەسەڵاتێکە، جا شاعیری نوێخواز لە سایەی هەڵومەرجی سەرکوتکاریدا ناتوانێ ئەم هەڤزکارییەی خۆی بە ئاشکرا دەربڕێت و دژایەتی خۆی بۆ دەسەڵات بە ئاشکاوی دەربڕێت.لا23) لە دوای ئاپەینەوە، ئاراستەیەك هاتە نێو هەخنە بە گشتی ئەویش ئەوەیە، کە هەخنەکردنی هەموو کایەیەکی ژیان دەبەستنەوە بە سیاسەت، سیاسەتیش لە حزبایەتی کورت دەکەنەوە، حزبایەتیش لە پارتی و یەکێتی دەبینن. ئەم ئاراستەیە کە بە داخەوە هەهندییەکان داهێنەری بوون، بە جۆرێك لە هەخنە دەوانێ، کە هەموو هەخنەگرتنێك دواجار دەبێ بە هەخنەکردن و سەرزەنشتکردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆتایی بێت. لەو ڕوانگەیەوە نووسەری ئەم کتێبەش کەوتۆتە ژێر هەمان ڕوانین و هەمان هەڵە کە سێ دەیەیە کاوێژ دەکرێتەوە. بەڵام با پرسین نوێخوازی تەنها لە دژایەتی دەسەڵاتدایە؟ ئایا گۆران کە شیعری کوردی نوێکردەوە، دژایەتی کام دەسەڵاتی کرد؟ تەنانەت دەیان شیعری بۆ چەپ و شیوعی و شۆشی چواردەی تەممووز نەنووسی؟ لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، دەیان شاعیر هەن کە دژایەتی دەسەڵاتییان کرد، بەڵام نوێخوازو نوێکەرەوەی شیعر نین؟ بە پێچەوانەوەش چەندین شاعیر لە سەر ئاستی دنیادا شاعیری نوێخوازبوون، بەڵام لەگەڵ ژمی فاشی و نازی دابوون. گوتاری شیعری کوردی لە دوای هەرەسی شۆشەوە تاکو ئاپەین، گوتارێکی بەرگریکارانە و ئەوپەڕی دژایەتییە بۆ دەسەڵات، بەڵام چەند شاعیری نوێخواز لەو سەردەمە دەرکەوتن؟ ئەگەر نوێخوازی لە شیعردا ببەستینەوە بە دژایەتی دەسەڵات، ئەوا هەموو شاعیرانی کورد نوێخوازن. چونکە تیایاندا نییە شیعری لە دژی دەسەڵات و لە پێناو ئازادی نەنووسیبێت.
ئەگەر نوێخوزای ببەستینەوە بە دەسەڵات، ئەوا هیچ نەتەوەیەك نییە لە دنیادا هێندەی کورد شاعیری نوێخوازی هەبێت. هەر لە درێژەی باسەکانی نێو کتێبەکەدا، ئەمجارەیان نووسەر ئایەکی سەیرتر لەوانی پێشووی دەردەبڕێت و دەنووسێت:(شیعر دیاردەیەکی ڕوحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێت. لا 33) بەڵام ئایا شیعر پەیوەندی بە ئەقڵەوە نییە؟ مەگەر شیعر وەك ژانرێکی ئەدەبی هەنگدانەوەی

دنیابینی شاعیر نییە و ئەو دنیابینیەش بەشێك نییە لە هزر و هوانینی ئەقڵییانەی مرۆڤ بە ژیان و دەوروبەرو ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی مرۆڤ بە گشتی؟ شیعر چ پەیوەندییەکی بە هوحەوە هەیە؟ گریمان ئەگەر شاعیر لە خرۆشانێکی گەورەی هوحی ودەروونی و سۆزیش دابێت، ئەم هەومەرجە سایکۆلۆژییە هەنگدانەوەی لە سەر بیرکردنەوە و دنیابینی دانانێت و سەرەنجام ئەم دنیابینییە لە دەقێکی ئەدەبیدا هەنگدەداتەوە. نەك شیعر، هەموو تێکستێك، بەرمەمبنای بەرکەوتنی هزری مرۆڤە بە ژیان و دەوروبەر. شیعر بەرهەمی هزرە، بەرهەمی دنیابینی و تێگەیشتنی تایبەتییانەی شاعیرە بۆ هوودا‌وەکان نەك دیاردەیەکی هوحی بێت. ئەگەر بە هوحگەریەتی بۆوانینە نووسینی شیعر، ئەوا سۆفیزمەکان هەموویان شاعیر دەبوون.

نووسەر هەرلە بارەی شیعرەوە دەنووسێت:(مەبەستی شیعری تازە ئەوەیە کە بگاتە دیتنی ئەوانەی نایەتە دیتن، بیستنی ئەوانەی نایەتە بیستن، گوتنی ئەوانەی نایەتە گوتن، گرتنی ئەوانەی نایەتە گرتن، بۆنکردنی ئەوەی نایەتە بۆنکردن، فەتحی نادیارەکان. لا 73) کورتکردنەوەی شیعری تازە و نوێ، بەو هەموو هەگەزە هونەریی و پێکهاتە هونەرییەی بینای هونەری دەقەوە، لەو قسە سەیر و سەمەرانە، خێی لە خێدا بۆ ئاگایە لە شیعر بە گشتی و شیعری نوێش بە تایبەتی. چ جای ئەوەی نووسەر پێناسەی شیعری نوێ بکات. ئەم دەربڕینانە، لە کۆدا لە گەڵ هەوتی نوخوازانەی شیعر یەکدەگرنەوە؟ دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە ئەگەر چی نووسەر لە سەر بەرگی پێشەوەی کتێبەکەی نووسیویەتی:_(چەند پەیفێك دەربارەی شیعرو شاعیری) بەڵام لە نێو کتێبەکەدا، تەنها سەد لاپەڕەی تەرخانە بۆ شیعر، سەد و سی لاپەڕەکەی تری، تایبەت کردووە بەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵیدا ئەنجام دراون و ئاخنیویەتە کتێبەکەی. بەمەش خوێنەر چەواشە دەکات و فریوی دەدا. چونکە کە ناونیشانی کتێبەکە دەبینێت، وا دەزانێت هەمووی لە بارەی شیعرە، بەڵام بە پێچەوانەوەیە. هیوادارم نووسەرانی ئێمە، واز لەو نەریتە خراپە بێنن، کە بیانەوێت بە بەردێك چەند چێشتکەیەك بپێکن. چونکە بۆ ناوبانگی خێیان باش نییە.

*پەراوێز: ناوی کتێب: هاوە مەحاڵ، نووسینی: حەمەکەریم عارف، بڵاوکراوەی: سەنتەری سارا، سلێمانی_ 2020

*لە ئەدەب وهونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (1162) ڕۆژی 28/1/2021 بڵاوکراوەتەوە.

نەفرەت لە یەکی ئایار.. ئاراس سەعید

کاری کرێگرتە، فرۆشتنی هێزی کار، دەستکات و سەپاندنی هەلومەرجێکی زۆرملێ...

شۆڕشی پیشەسازی ستراکتۆری کۆمەڵگای هاوشاندوە، لە دژبەرایەتی و کاری زۆرملێوە بۆ سیستەمی چینایەتی و دابەشکردنی کار.
بۆقوڵی "مارکس" قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، لە بەریەکەوتنی چینەکانەوە گۆشەدەکات. بۆجۆرێکی تر، کۆمەڵگا دابەشبن بەسەر دووچیندا، چینی خاوەن بەش و چینی بێشخوراو. دەستکات و بە دەستکات دووچەمکی نابووتی سیستەم کە لە دیسکۆرس و مەعریفە و فەلسەفەی دەستکاتەوە، سەرچاوە دەگرێت بۆ دیسپلینکردن و ڕامکردنی کۆمەڵگا. سیستەم لەڕێگەی مەعریفەوە ڕۆشنبیرانەوە دەستکات مومارەسەدەکات. دەستکات فاکتێکی شاراوەیە، هێزێکی نەرم لەدیسکۆرس گوتاردا پەیرەو دەکات، "تۆ بە دەستکاتی"، "ئۆگەر یاخی بیت لەخاوەنکار، لەبرسا دەمریت". ئەمە هەمان ئۆو فۆرمی سیستەمی فیدالیزم و کاری نانە سکێیە. کە لەدیسکۆرسی زاڵدا، مرۆڤکان فریودەدرێن، وەکو "ئۆگست کۆنت" کە دەیگووت؛" خاوەن بەش و بێشخوراو". ڕیسایەکی سروشیتی کۆمەڵگای مرۆیە.

سیستەمی سەرمایەداری دەستکاتی مەدەرن کاتێک بە ئامازەکانی زانست "دەستکات"°مومارەسەدەکات، چیتر پەیڕەوی هێز و توندوتیژی ناکات بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگا، یان وەکو ئۆوەی هێز " هێشیاری داوە؛" هاتنەئارای دەخی ئاورتۆو دروستبوونی جەنگی هەمووان دژبەهەموان." چونکە دەستکات هاوتەریب لەگەڵ زانستدا تەواوکەری یەکترین، ئۆو لەڕێگەی "زانستی سەسلەجیا، مرۆڤناسی، دەروناسی، تاوانناسی". لەپێوەندیە سەزداری و فاکتەری هەڕچوونە دەرونیەکانیان تە دگات و کەنتڕۆڵی مرۆڤ دەکات، تا لەکاردانەوەکانیان خۆی ڕزگار بکات. ئۆویش لەڕێگەی سیستەمکی چاودێریەوە کەمرۆڤ وا هەست دەکات بەردەوام دەستکات چاودێر بەسەریەوە. بەڵام دەستکات لەڕاستدا دەستبەرداری مرۆڤ نابێت، بەڵکو لەڕێگەی میدیا و مەیخانەو

سەرمایەداری، مەتیقەکانی مرۆڤ بەتاڵ دەکاتەوەو دەست دەکات بەدیسپلینکردنی، نەوەی نوێش لەسەرگەی داموددەزگا زانستی و پەروەردەیەکانەوە لەخەی نامەدکات و لەکارخانەکانی پەروەدەو زانکەدا دەیکاتە تایپەک لەمرۆقی لەکچوو ئامکرا و، چونکە دەسەاتی زانستی مرۆڤ تووشی شەژانی دەرونی دەکات و دەیکاتە شتانەک کەخەی باوەی پێ نیە.

دەسەات مرۆڤ لە هەزخودیەکانی خەی دادماەت و لەسەرگەی چینینەوەی کلتور و تواندنەوەی تاک لەناو ئەوانی تردا، هەریەکەو لەسەرەک دەسپێنی بەسەرئیاندا، کە دەسەات بەیان دیاری دەکات، بەنمونە "کرێکاران" ئەوان لەبنەەتدا لە سوبەکتی کارەوە نامەدکات بە ئەبەکتی بەرهەمهاتوو. "کرێکار" لە سەرگەی فرێشتنی هەزی کارکەیەوە، دەبەتە کەیلەی کار و ئەوبەرهەمەی بەرهەمی دەهێنی لەدژی خەی دەوستەتەوە و لەخەی "نامەدبەت" مارکس دەڵێت؛ "سەرمایەداری نەک کرێکار لەخەی نامەدکات، بەڵکو لە مرۆقبوونیشی دادماەت." "کرێکاران" لەجەوهەی خەیان نامەدبن و دەبنە "بابەت"، ئەوان خەیان لە دەبەتە ئەو شوناسەی کە سیستەم بەسەریاندا دەیسەپێنێت. "یەکی ئایار" دووبارە نامەکردنەوەی کرێکار و داماێنی مرۆقبوونی ئەو بەوەی وەکو کرێکار بەرهەمی دەهێنەتەوە. بەقەولی "واتەر بنیامین"
سەرمایەداری، ئایینە.
پارە خودایە.
کار عیبادەت کردنە
مرۆڤ لەناو ئەم ئایینەدا چەشنی ئایینە ئیراهیمیەکان دەبەتە کەیلەی پارە. پارە بەرهەمی مرۆڤەو لەدژی وەستاوەتەوە دەیپەرستی وەکنەشی بەدەبات، وەکو پەیکەر پەرستەکانی سەردەمی بت پەرستی.
مرۆڤ لەسەرگەی کارەوە دەبێت عیبادەت بکات و هەزی کارکەی بفرێشی تا بتوانێ بەهەشت بکڕێت، ئەویش بریتیە، لەکەشک و ڤیلاو ئەتەمبەل...هتد، سەرمایەداری هاوشیوەی ئایین ەەژی جەژن و ەەژی پیرۆز بە "کرێکاران" دەستبەر دەکات و پیرۆزبایی کەیلەبوون و شوناسە نامەبووکەی لەدەکات.

سایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دەرین.. ستیڤان شەمزینی

خوێندنەوە و شیتەکاریی دەروونناسیی پێشمەرگەی دەرین بابەتکی ورد و ئاماژ و دژوارەر و پێویستی بە لێکدانەوەی زانستیی چڕوپڕ و هەمەلایەنە و مۆژوویی هەیە، بەڵام ئەم چەند دێڕە هەوڵکی سادە و بڕایینە لەو بوارەدا و کردنەوەی دەروازەیکیشە بە قسە و باسی زیاتر و خوێندنەوە و شرۆڤەکاریی جیددیتر و ئەکادیمی. ئەم کورتە نووسینە تەقەلایکی بچووکە بە ڕاڤە و شیکاریی لایەنێک لەلایەنەکانی دەروونناسی پێشمەرگەی دەرین یان چاکترە بڵێم سەرەتای کارێکە بچوونە ناوەوە و شرۆڤەکردنی لایەنکی هەرە گرنگی دەروونناسی پێشمەرگەی دەرین ئەویش پرسی تووندوتیژییە وەک بەشێک لە سایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دەرین. کەمتر هەوڵدەدم بەدووی ئەو هەکارانەدا بڵێم کە خوڤەنەری تووندوتیژییە لە کۆمەڵگەی کوردستان چون ئەم باسە پێشینەیکی زۆری دەوێ و لە سنووری وتارێک دەردەچێت و هەکارەکانیش ورد و ئاماژن. هەروەک تویننبی دەڵێت "ئەو هەکارەی هەوڵدەدین دیاری بکەین شتێکی سادە نییە، بەڵکو ئاماژ و داڕژاوە". بەڵکو هەوڵمداوە بەدووی ڕەگوریشەی تووندوتیژییەدا بچم لە ژیانی پێشمەرگەی دەرینەدا.

بەر لەوەش بچمە سەر لێکدانەوەی قوتابخانەی دەروونشیکاریی مرۆڤ بوونەوەرێکی لاسایکەرەوەیە یاخود دەیەوێ خەڵگەل هەبووکانی تری چوار دەوریدا رابهێنێ و بگونجێنێت. ئەرستۆتالیس لەم بارەیەوە دەڵێت "مرۆڤ زیندەوەرێکە هەر لە منداڵییەوە حەز لە لاسایکردنەوە دەکات، دەیەوێت چاوی بەهەر شتێک کەوت یان گوێی لە بوو لاسایی بکاتەوە". پێشمەرگەی دەرین هەوڵیداوە لەگەڵ بارودۆخی خەباتدا کە تووندوتیژیی بەسەریدا زاڵبووە خۆی بگونجێنێت، بۆیە حاڵەتکی نەرمال و سروشتییە تووندوتیژیی بەشکی گرنگی بیرکردنەوە و ڕەفتاری داگیرکردووە، ئەمەش پێویستییەکی قەناغ بووە لە پێناو بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی. کەسایەتی پێشمەرگە هەڵهێنجراوی بارودۆخکی سەختی خەبات و شۆشی چەکدارانەیە، سەرباری ئەوەش بەردەوام ژیانی لە جەنگ و پێکدادان و ژێر سایەی ڕوحمی گوللەدا بووە و لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مەرگ و خوێن و هاواردا پەیدا کردووە، ئەوجا بیهێنەرە پێش چاوی خەت مرۆڤک سانەکی زەر تەنیا بە چیا و کەسارەوە بووبێت، دوور لە هەموو شارستانی و ژیانکی هاوچەرخ، داخە کەسێتی ئەم بوونەوەر

چۆن و بۆچی شتێکی دەبێت؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە دابڕاو نییە لە کارتێکردنەکانی دەرەوەی خۆی لە ژینگە و سروشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، هەرواش کەسایەتییەکەی رەنگدانەوەی هەمان بارودۆخە.

پێشمەرگەی دەرین و پرسی توندوتیژیی

زانای دەروونناسی (مەشەل بێتەر) لەم لایەنەوە بەچوونێکی جوانی هەیە و دەڵێت "کەسایەتی هیچ بوونێکی نییە تەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نەبێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و شتەکاندا". هەروەها بە پێی تیۆری دەروونشیکاریی و دەرئەنجامە تاقیگەییەکانی (پاڤلۆڤ) راهێنان گەورەترین کارکردی لەسەر سایکۆلۆژیای نێک مرۆڤ بەکۆ گشت بوونەوەران و گیانلەبەرانی تر هەیە، چیرۆکی سەگەکەی پاڤلۆڤ لە ئاستی گۆڵەریدا بەناوبانگە هەر کاتێک زەنگی بە لێدراوە لیک بە دەمیدا هاتێتە خوارەوە چوونکە چاوەڕوانی پلە گۆشتەکە بووە. هەر بۆیە پێشمەرگەی دەرین لە قەناغی خوێندنی شاخ و رزگاریی نیشتمانیدا لە ڕێی پەروەردەی سیاسیی و کەناڵەکانی تەبلیغات و ئەدەبیاتی حزبیی و پێشمەرگانەوە لەسەر توندوتیژیی و هەڵەتبردن و بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوون راهێنراوە، ئەمەش بێتە بەشێکی جیا نەبووەوە لە سایکۆلۆژییەت و ڕەفتارەکانی. پێش ئەوەی بەسەرماندا تێپەڕێت هەوەدەم ئەوە ئاشکرا بکەم ئەو توندوتیژییەی سەردەمی خوێناتی چیا هەرگیز نەگەیشتێتە ئاستی تیرۆر و ڕێشکۆژیی و دڕندەیی، ئەم گواهییە بە مژوو دەدەم هەموو ئەو توندوتیژیانەی ئەوە ڕۆژە پێشمەرگە پیادەی کردووە لە چوارچێوەی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و جەنگی پارتیزانیدا بوون، واتە کردار نەبووە بەکۆ پڕچەکردار بووە تا داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکرێن بە سەلماندنی بوون و مافەکانی کورد و بەڕەسمیەتناسینی ئاسایش لە وڵاتدا، هەروەک چۆن کاتی خۆی (ماوتسی تۆنگ) وتی "بە ئەوەی ئاشتی بڕەقرار بێت دەبێت بجەنگین، ئەمە لە پێناوی ئاشتیدا دەجەنگین".
بەهەر حاڵ لە کاتێکدا لە بارودۆخی ئەمنی رزگاریی و قەناغی دەسپێکاتی کورد خۆی، کەسایەتی پێشمەرگەی دەرین پێناوەز و پشتگوێ دەخرێت، دەشێ ئەم هەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لە تەقاندنەوەی ئارامیی پێشمەرگەی دەرین بە شێوەیەکی توندوتیژانە، چون با لە یادمان نەچێت ئەو تەنیا دەتوانێت بە میکانیزمی توندوتیژانە گوزارشت لە خۆی بکات و داواکاری بەرز بکاتەوە هەروەک وتیشم لە سەردەمی شۆشدا لەسەر ئەوە راهێنراوە لە ڕێی ئەم میکانیزمەوە خواستەکانی بەدەستبهێنێت. ئەمە لایەک و لایەکی

تروە ئەو رێژە لە شاخ بوونی بەهێشتکی پە لە کامرانی پێدراوە و بە سۆسیالیزم و یەکسانی و دادپروەریی فریودراوە، ئێستا کاتێک ژیانی لە ژێر هێزی هێزاریدا و راگیراوە حەتمەن قبوڵی ناکات و کاردانەوەی دەبێت، پەموایە زۆر واردە کاردانەوەکەی توندوتیژانە و زۆبروزەنگ ئامێز بێت. بە وتنە پێشمەرگەی دەرین هەندێک لە هاوڕێ هاوڕێ دەرینەکانی خۆی دەبینێت، وتنەی هێزاریی و نەداریی دوێنێیانی لە بەرچاوە و ئەمڕۆش لە پێشاکی پادشا و بەرگی ئیمپراتۆر لەسەر عەرش و ناو کۆشکی ئەفسووناویدا دەیانبینێت، تووشی تەناقوزات دەبێت لەگەڵ خۆی و کاریگەریی نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژییەتی دادەنێت کە دیسان ئەمڕۆش وروژێنەری هەستی خەفەکراویەتی، ئەو هەستەی بە گووتارە ئاگرینەکانی شاخ و ئەدەبیاتی قەناغی بەرگریی ئاخنراوە بە توندوتیژیی و ڕۆحی سەرکێش و تێکۆشەرانەوە و بەرەنگاربوونەوە.

تیەدەر دەبانقیل دێت "لاوازیی هەندێک، ورگی هەندێکی تر دروستدەکات". پێشمەرگەی دەرین قبوڵی ناکات بە لاوازبوونی جەماوەر و خۆی، لەسەر حیسابی ڕەنج و مەینەتی و حەسرەت هەڵکێشانی ئەو هەندێکی تر شاهانە و قەڵەوانە بژین، بگومان کاردانەوەی بەرامبەر بەم حاڵەتە هەیە. هەنووکێش کە قەناغی ئازادیی و حوکمی دەسەڵاتی خەماڵیینە دەبێت هەوڵبدرێت بە باشترکردنی ژیانی پێشمەرگەی دەرین بەپێی بەرنامەیەکی تەکەمەل و دامەزراو، دەبێت حکومەت و دامودەزگای پەیوەندیدار بە دەنگ داوا و موعاناتیانەوە بچێت بەتایبەت هەندێکیان ئەندامانی جێستەی خۆیان لە دەستداوە یان ئەوەندە ماندوون شتێک لە کەمئەندام گەڵاوەتەوە!. بەم ڕێگا و شێوازە دەتواندرێت کاریگەریی جیددی دابنرێت لەسەر سایکۆلۆژییەتیان و دەبێتە هۆی دامرکانەوەی بەسەی قینی پەنگخواردوویان کە مەترسە لە ساتێک لە ساتەکاندا بەوپەڕی توندوتیژییەوە بتەقێتەوە. باسی ئەو ناکەم پێشمەرگەی دەرین دیسان شەڕش دژی دەسەڵاتی کوردیی و ئەزموونی ئەمڕۆ بەرپا دەکات، وا بزانم کەس هەندەی ئەوان قوربانیان بە هەناندی ڕژێکی وا دابێت و بە پاراستنیشی وەک ئەوان دەسەز و بە پەرەش بن، بەڵام ئەمڕۆش ئاگرێکی نزیک و بەهێز پێشمەرگەی دەرین نەتوانێت بەرگەی ئەم هەموو نادادپروەریی و بە مافییەی خۆی و خەڵک بگرێت و ڕەنگبە بە ناچاریی هەڵوەست وەربگرێت.
ئەم حاڵەتە و ئەو فەرامۆشکردنەی پێشمەرگەی دەرین پە مەترسییە، هەروەک ئەرتیگا دەڵێت پەویستە هەموو زەنگەکانی مەترسی لەبەدین. خودئاگەینی و سەرسامبوون بە خۆی پێشمەرگەی دەرین بە جۆرێکە لە لوتکەدایە، هەوڵدان بە تێکشاندنی ئەم دەروونە و بچووک و

نزمکردنەوەی کۆستیێکی بێ ئاستی راکردن بێ دوای موچەی خانەنشینی و پرسگەی وەزارەتکاندا، رێگی خراپ لەسەر سایکۆلۆژییەتییان دادنەت و لەوانەیە بێ بەرز راگرتنی ئەو پلە و پایە باڵا مەعنەویەی پێشووی خۆی، چالاکی و جووڵە نیشان بدات تاوەکو وەک ئەو قارەمانە نموونەییە بمێنێتەوە کە لە قوناغی باڵابوونی شۆشدا لێی دەوانرا، بەڵام ئەم جارە لە قوناغ و سەردەمکی نوێدا. ئەوی ماوەتەوە لە کۆتاییدا بیەم ئەوەیە رووی دەمم لە دەسەڵاتی کوردیی دەکەم و دەڵێم پێشمەرگەی دەرین تا نەفەس ئارامگرتووە بووە، بەڵام وتەکەی (جۆن داریدن)تان لەبیر نچێت: وریای خۆت بێ لە شۆشی پیاوی ئارامگرتوو.

پێشمەرگەی دەرین و رەمەکی سێکس-sex

هەرچەندە حەزی مماڕسەی سێکسی بێ شەوازێکی سروشتی ڕەگەی لەبگیرێت، هەزی دەروونی کە پەیوەندیی بەم حەزەوە هەیە دەبەتە هەی سەرهەدانی دەڵاوکێ فرێید

ڕەمەکی سێکس هەستیارترین ڕەمەکی لکاوە بێ کەستی مرۆڤەوە، چون هەر لە یەکەم چرکەی لە دایکبوونەوە ئەم ڕەمەکە ئەکتیف دەبێت و گۆشە و نەشونما دەکات لەگڵ مرۆڤدا. پێشان پێیانوابوو ڕەمەکی سێکس لە ساتەوەختی هەرزەکاریدا وردە وردە سەرهەدەدات، بەڵام ئەنجامی شیکردنەوەی زانستیی و تاقیگەیی پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە، زاناکانی بواری فیسەلەجیی و بایەلۆژیی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن ئەم غەریزەیە لەگڵ لە دایکبوونی هەر مرۆڤکدا ئەویش لە دایک دەبێت، لە گرنگترین ئەو زانا و پسپۆڕانەی ئەم بیرو ڕایان هەیە هەردوو زانای دەروونناسی (سیگمەند فرێید و ولیەم ڕایش)ن.
فرێید، پێیوایە (ژیانی سێکس لە قوناغی هەرزەکاریەوە دەست پێناکات، بەڵکو هەر لە کاتی لە دایکبوونەوە چەکەرە دەکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گۆشە دەکات). لەوەتی مرۆقیش هەیە لە هیچ وەستگەیەکی مێژوویێدا سێکس و مماڕسەی ئەم حەز و چێژە لێی جیانەبووەتەوە جا هەر لە کۆمەنێی سەرەتایی و کۆمەڵی بەرایی و پریمیتیڤەوە بیگرە هەتا دەگاتە دنیای گۆشکردووی تەکنەلۆژیی ئەمەمان. لەبەرئەوە سێکس بێ هیچ کلەجێک لە سایکەلۆژیا و جەستەی مرۆڤ جودا ناببێتەوە، بەڵکو بەردەوام مرۆڤ لە هەوڵدابووە بێ تێرکردنی ئەم ڕەمەکە و خۆ بەتاڵکردنەوە لە گووشار و پاڵنەری تووندی لە کاتی چەپاندنیدا. دیسان زەربەی زاناکانی پسپۆر لە بواری

سایکۆلۆژیا و سێکسزانیی دووپاتی دەکەنەوە: سێکس لە نێو هەموو غەریزەکانی تردا کاریگەرترینیان و هێستیارترینیانە و بە قووڵیی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە، لەم بارەوە (فرۆید) دەنووسێت (رەمەکی سێکس بەهێزترین و مەترسیدارترین رەمەکی تاکە لە ئاوی کۆسایەتیدا).

گومانیش لەسەر ئەوە نییە مرۆڤ بە بانگەوە بە دوای تێرکردنی ئەم غەریزەیەدا عەوداڵە و هەمیشە بە دوای رێگاکانی بەتاکردنەوەیدا گەڕاوە بە چەندین شێواز، رەنگە هاوسەرگیریی دیوێک لە دیوەکانی ئەو داهێنانانە بێت لەو ڕووەوە. ئەگەر بمانەوێ بچینە ناو خودی باسەکەوە و لە بابەتی سێکس لای پسپۆرگەی دەرین بدوێین، پێش هەر شتێک لەوە دەنیاین پسپۆرگە وەک مرۆڤ خودانی غەریزەی سێکسە و وەک هەر مرۆڤێکی تریش هەوڵیداوە ئەم رەمەکە تێر بکات وەک مافێکی سروشتی خۆی، بەڵام ئاخۆ لە ڕۆژانی خەباتی سەختی شاخ و دوور لە هاوسەر و دەزگیران و ئافرەت پسپۆرگە چۆن چێژی وەرگرتووە ئەم رەمەکی خۆی داوەتەوە؟ ئایا چۆپاندن بەرەو لادانی سێکسی بردووە؟ ئایا بەتە کەسێکی هەمەسێکسوا؟ ئایا سێکسی لەگەڵ ئاژەڵان ئەنجام داوە؟ یان لە هەر رێگەیەکەوە بێت ئافرەتێکی دەستخستووە بە ئەنجامدانی کاری سێکس؟ ئایا تەنیا بە دەست خۆی بەتاڵ کردەتەوە؟ یان بەردەوام لە خۆ چۆپاندن و سەرکوتکردنی ئەو رەمەکە هەراشدا بووە؟ لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی زەربەی هەرە زەری پسپۆرگە دەرینەکان سەڵت و گەنجی زگوردی بوون و هاوسەریان نەبووە، بە شک دووچاری چۆپاندنی سێکس بوونەتەوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبیستراوە پسپۆرگە بە خاێیکردنەوەی ئەم غەریزەیە پەنا بباتە بەر ئیغتیسابی ئافرەتان، ئەگەر بە وردیی سەیری پانڕامای ساڵ و ڕۆژکانی بزووتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بکەین، رەنگە بە تاک و تەرا بەر حاڵەتی ئیغتیساب بکەوین و لە ئاستی ریزپەڵدا بوونی هەیە. پسپۆرگەی دەرین خودانی مەراڵێکی شڵەشگێڕیی و ئەخلاقیاتێکی بەرز بووە، هەرگیزیش پرنسیپەکانی شکاوە ڕەی نەداوە بە هیچ پسپۆرگەیێک تا ئافرەتێک بە تەبزی زەوت بکات.

بە وێنە لە نەوەڵاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک جورنالیستێکی بیانیی پرسیار لە هەندێک پسپۆرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات: ئایا چۆن کاری سێکسیی دەکەن؟ لە وەڵامدا پسپۆرگەکان دەڵێن ئەم سێکس ناکەین!. ڕۆژنامەنووسەکە دەست بە گوندێکی نزیک رادەکێشێ و دەڵێت لەوە ژن هەیە بە سێکسیان لەگەڵ ناکەن؟!. لە وەڵامدا پێی دەڵێن: ئەوانە خوشکی ئێمەن، یاساکانی سروشت ڕێنادەن لەگەڵ خوشکی خۆتدا ئەو کارە بکەیت. ڕۆژنامەنووسەکە زەر جەختیان لێدەکات ئایا لەناو خێیاندا یان لەگەڵ ئاژەڵدا یان

بە ڕەگەزەکی تر سەکس ئەنجام نادەن؟ پێشمەرگەکان دەنیای دەکەنەوە ئەوان تەنیا سەرگەرمی خەبات و بەرخودانن بۆ کوردستان و هیچی تر. دواجار ڕۆژنامەنووسەکە بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: یان ئێم قسانەتان هیچی ڕاست نین یان ئەوەتا ئەوە فریشتەن و مرۆڤ نین!. لە ڕاستیدا ئەو پێشمەرگانە فریشتە نەبوون، بەڵام لەوەشدا ڕاستگۆ بوون چون ئەوان تەنیا سەرقاڵی خەبات بوون و کەمتر قەرەی سەکس کەوتوون. لەبەرئەوە بۆ هیچ شۆوێک پێشمەرگەی دەرین تەنیا لە ئاستی ڕیزپەردا نەبێ هەوەسی نەداوە بۆ تەبزیی یان ئازادانە لەگەڵ ئافرەتێک کە هاوسەری نییە کرداری سەکسی بکات. تەنانەت کولتووری کوردەواریی و دابونەریتی گوندنشینان و خێڵەکی ڕێشکی ئەوەمە کولتوورەکی بە ئەندازە داخراو و چەپەنەر بووە، بە ڕادەیەک تەنانەت قبووڵی پەیوەندیی خێشوێستیان نەکردووە، ئەوەتا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵانی حەفتاکان و لە سەرەتای شەشدا ناچارە قارەمانترین پێشمەرگەی خۆی لەسەر داخوازیی عەشیرەت و بە شووشتنەوەی ئابوو لە گوندی قامیشەان لەسەر خێشوێستی بکوژێت، کە دواتر شاعیری بە توانا (شەرکە بێکەس) لە شیعرێکیدا بە ناوی (قامیشەان) باسی ئەم کردەوەیە دەکات و هاوکات مەحکومی کوشتنی ئەو پێشمەرگەیە دەکات!! شەرکە هەر لەو شیعرەدا یەکێتیی بە دارکونکەرە وەسف دەکات.

فوکۆ، کاتی خۆی وتی (ژیاری ئەمە هونەری ئیرۆتیکای تێدا نییە) ئەو باسی ژیاری خۆرئاوا دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو کرانەوە و تێکشکاندنەی چەقبەستوویی کولتوور و پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی ڕەوشت و سێکس هێشتا پێیوایە ژیارێکە ئیرۆتیکا تێیدا غائیبە، ئەوجا بیهێنە بەرچاوی خۆت گوندێکی دوورە دەست لە دامێنی شاخێکدا نە کارەبای بە چووە و نە شەقامی قیرتاوی دیوە و نە ڕۆژنامەیەک لە ڕۆژان کتێبێک خۆی کردووە بە مافەکانیاندا، چەن مامۆستا لەگەڵ ئیرەس و خێشوێستی دەکەن؟ لەوەش بگەڕێ دەبێت هەستیان چەند ڕقئامێز و ئاگراویی بێت لە کاتێکدا کەسێک ببینن لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کچ یان خوشک یان کەسێکی نزیکیاندا ممارەسەی سێکس دەکات؟ پێشمەرگەی دەرین ئەوکات لەگەڵ ئێم کولتوورە ڕووبەڕوو بوو بێیە چەند خوازیاری سێکس بوایە و پێویستی پێی هەبایە نەیدەتوانی لە سایەی ئەو کولتوورەدا ممارەسەی بکات.

هەرواش هیچ کاتێک پێشمەرگەی دەرین بە قەرەبووکردنەوەی ئێم چەپاندنە ڕووی نەکردەتە لادانی سێکسی، بەڵێ دەبینین سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵ و ئیغتیساب و سێکس لەگەڵ منااڵن و لادانی تر تاکوتەرا

نەبەت لای پێشمەرگەی دەرین بوونی نەبووە، هەر ئەمەش سیحری ئەوەی وای لەو رۆژنامەنووسە بیانییە کرد پێشمەرگە بە شێکی سەرتر لە مرۆڤ ناوزەد بکات. تەنانەت چەند کەسانێکی دیاریکراو و زۆر کەم نەبن زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە دەرینەکان خۆیان پاراستووە لە هەمەسکسوالەتی، بەڵکو بە پێی دابونەریتی کەمەگا ئەم خووە جۆرێکە لە نەنگی و داماننی ڕووشت و بەهای کەمەایەتی، کە دواجار کەسی خاوەن خوو دەکاتە کەسێکی فاشیل و بێ متمانە و بێ ئەتەریتە لە کەمەدا، وەلە هەمەسکسوالەتی کردەیەکی ترسناک و خەتەر نییە تاکو بەو جۆرە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت.
تەنانەت ئەو جۆرە لادانانە و ناچارکردنی خەڵکان بە ئەنجامدانی کرداری سێکسیی لە دادگاکانی شەڕشدا سزای لەسێربوو، چەندین نموونەم لەلایە چەن دادگاکانی شەڕش یان فەرماندەییەکانی ئەوکات سزای ئەو پێشمەرگانەیان داوە پێشڵی ئەم پرنسیپانەیان کردووە. پێشمەرگەی دەرین هەوەسی خۆپاراستنی داوە و نەیوستووە جەڵو بە غەریزە بە کۆتاییەکانی شڵ بکات و سەرەنجام ببێتە هەی (لەکەدار)بوون و ڕووشاندنی پایەی کەسێتی خۆی. فرەید دەڵێت (دوو جۆر پاڵنەری ناوەکی لە سیستمی دەروونی مرۆڤدا کاریگەرن، ئەوانیش پاڵنەری حەزەر و پاڵنەری چەژن، هەر کاتێک مرۆڤ جەڵوی شل کرد بە ئارەزووکانی بەبێ ئەوەی حەزەر بکات ئەوە زوو بە زوو سزاکەی وەردەگرێتەوە). پێشمەرگەی دەرین لە ترسی سزا وەرگرتنەوە، یەکەمجار سزای مەعنەویی و ئەوجا سزای ماددیی و جەستەیی هەمیشە حەزەری لە سێکسکردن کردەتەوە و جەڵوگیر بووە یان با بڵێین خۆی لغاو کردووە و نەیهێشتووە بە بەرەڵاکردن و دەرگا لەسەر پشتنانی ڕەمەکی سێکس ببێتە کەسێتییەک کە ڕووبەووی (شوورەیی) بێتەوە، چوونکە هیچ نەبووبێت کەمەگە دواکەوتووکەی خۆی بە باشی ناسیوە.

ڕایش هەمان بۆچوونی (فرەید)ی لەسەر ئەم بابەتە هەیە و ئەویش لە بابەتکەدا دەنووسێت (کەسایەتی مرۆڤ لە قۆناغی ئەدیبە دروست دەبێت، لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان خواستی سێکسی شاراوە و بە واقیعی نەکردنی ئەو خواستە کەسایەتی دروست دەبێت، لەو قۆناغەدا –من-بەهەزە، ئەو-من-ەش بە خۆپاراستنی لە سزاکانی دەروەبەر هەوڵدەدات خۆی بگونجێنێت). من بە تەواویی و دەقیقی مەبەستم لەو دەربڕینەی (ڕایش)ە، دروستبوونی وێنای قارەمان بە پێشمەرگە بەشێکی بە ئەو خۆگونجاندن و خۆپاراستنە سێکسییە دەگەڕێتەوە، تەنانەت لە بیرمە جاران لە پێشەو و پڕۆگرامی نەوخۆیی حزبەکاندا دەنووسرا پێویستە ئەندامی حزب دەست و دەم و داوێن پاک بێت!!!. دیسان ئەوە بە پێشمەرگە هەمان شت بوو بەڵکو هەندێک سەخت و قورستر بوو.

پشمەرگەی دەرین بەردەوام خەی چەپاندووە، تاکە رایەڵ و کەناڵێک توانیبەتی خەی پە خاڵی بکاتەوە بریتی بووە لە دەستپێک (عادە سری) ئەمیش کردەیەکی زۆر نهێنی و پەنهانە و کەسانی تر ناتوانن دەرکی پێبکەن، دەنا پشمەرگەی دەرین لە هەموو رووێکەوە خەی گرتووە و بە ناچاریی دوور کەوتنەوە لە سەکس.

بە بەوای زۆربەی زانایانی دەرووەنی چەپاندنی سەکس و غەریزە هەوەنی لە دایکبووەنی شارستانی و ژیارە. فرەید دەنووسەت (هەموو شارستانییەک لەسەر کاری زۆرملە و نکۆیکردن لە غەریزەکان دادەمەزرەت). فرەید چاکی پەکاوە، تە بەوانە هەڵەمەکانی میسر، شورە و دیواربەندی چین و قەڵا قایمەکان، شێشە خوەناویەکان و هەزاران شار و پەرستگا و کەنیسە و مزگەوت و خەزنەی زێڕ و زیو لەسەر بنەمای نکۆیکردن لە غەریزە و کاری بە زۆر و ناچارکردنی کەسانی دی دامەزراون. شێشی کوردیی و بەرهەمەکی کەم و بچووک کە ئەمڕۆ هەیەتی بەر مەبنای چەپاندن و زۆر لە خەکردنی ئەو کاتەی پشمەرگەیە. وەلە غەریزەی سەکس پەویستییەکی گرنگ و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شادیی مرۆڤکانە، بەڵام ئەو رۆژانە پشمەرگە ناچار ببوو چاوپۆشی لەبکات و خەی لە لەزەت و خۆشییەکانی ببوەرێت. رایش دەڵێت (هەموو بەختەوەرییەکانی ژیان لە بەختەوەرییەکانی سەکسەوە سەرچاوە دەگرێ) کەچی ئەو رۆژانە بەختەوەریی پشمەرگە تەرکردنی سەکس نەبوو، بەڵکو خەی لە تەمارکردنی داستان و نەبەردییە پە سەروەرییەکاندا دەبینییەوە، لەوتکەی شادییەکانی خەی لە گورزوەشاندن لە دوژمن و رزگارکردنی کوردستان و بەرپاکردنی ئازادیی و دامەزراندنی ژیاندا کەکردبووەوە.

پەویستە لەم دەرفەتەدا ئەوەش بوترێت بەشێکی هەرە زۆری ئەو چەپاندنەی پشمەرگە بە بەرنامە و خەویستانە نەبووە بەڵکو لە ژێر کاریگەریی و ڕێچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی بووە و جۆرێک بووە لە خەقووتارکردن لە حەرام، حەرامێک لە کۆمەڵگەی سوننەتی ئەمەدا ڕاستەوخۆ بەستراوە بە جەستەی مرۆڤ و نەوان هەردوو ڕانییەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئەمە کۆمەڵگەیەک بووە لیپاولیپ لە حەرام و دەستووری قەدەغە، پشمەرگە ناچار بووە خەی سنووردار بکات و هەڵەی سووری حەرام نەبزێنێت، چوونکە حەرام یەکەمین شت بووە لەگەڵ هەبوونی مرۆڤدا سەری دەرهێناوە و چەکەرەی کردووە. فەنت لە کتێبەکەیدا (سایکۆلۆژیای میللەت) دەنووسەت (حەرام دەستوورێکی نەنووسراوی کەنتر لە مرۆڤایەتی دەنوێنێت، وەک دیارە بشۆوەیەکی گشتیی حەرام لە خواوەندەکان کەنترە و لە بنەڕەتدا بە کاتی پێش هەموو ئاینەکان دەگۆڕێتەوە). دواجار ماوەتەوە بەم ئەوەی ئەمە بەدەست هاتووە لە کوردستاندا بەرهەمی دوێنێی پە لە چەرمەسەریی و

خۆگوشین و ئازار و مەینەتی پێشمەرگە و تەکۆشەکی کورد بووە. پێشمەرگەی دەرین بەوەی خەباتەکەی لە وەستگەی سەرکەوتن دابنێت تەنانەت نکۆلی لە غەریزەکانی کرد، بگرە ئەو رۆژانە و نەهامەتییەکانی و خۆچەپاندنەکانی هەرگیز ناتواندرێت قەرەبوو بکرێتەوە، هەر لەبەرئەوەشە ئەوانەی وا دەزانن ئەو لیبرالیزمە سێکسیی و فرۆژنی و بەرهەمهێنیە جنسییەی لای بەرپرسەکان هەیە نیشانەیەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو رۆژانە، بێگومان بەهەڵەدا چوون، لەبەرئەوەی:
یەکەم: بەرپرسەکان ئەوکاتیش لە رووی ممارەسەی سێکسەوە کەشیان نەبووە، هیچ نەبوونت هاوسەرەکانیان لێگەڕ بووە.
دووەم: سێکس و پیاوەتی نیشاندان لای بەرپرسەکان جۆرێکە لە ممارەسەی دەسەڵات نێک قەرەبوو، ئێگەر ئەمە وا بوایە دەبوو هەر پێشمەرگەیەکی دەرین دە ژن و دە عەشیقەی هەبوایە و ئێستا لەبەر ئەوان ژن دەستی کەسی تر نەدەکەوت و پرسەی هاوسەر بوون بە خەکانی دی ئاسان نەدەبوو. دەسەڵات لەم رۆژهەڵاتدا لەسەر قانوونی دارستان ڕەکخراوە، شەر لە دارستاندا زگی برسی و غەریزەکانی لە ڕەی هەزەوە تەر دەکات، بەرپرس و سەرکردە رۆژهەڵاتییەکان لە نەویشیاندا ئەوانەی کورد هەروا.

پێشمەرگەی دەرین و قەناغی نوێ

هەر کەسێک تەنیا کوێی سەردەمەکەی خۆیەتی
هیگل

کاتێک باس لە قەناغی نوێ دەکەین مەبەستمان لە قەناغی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (1991)ە، کە دوای ئەم مژووە ئاوگەکی بنچینەیی بەسەر ئەرک و ڕەی پێشمەرگەدا هاتووە. ئێگەر لە قەناغی بەرگریی و رزگاریی گەلی کوردستان ئەرکی پێشمەرگە بریتی بووبێت لە چەک هەگرتن و ڕووبەووبوونەوەی سەربازیی لە بەرامبەر دوژمن، بێگومان لە قەناغی ئازادیی دوای ڕاپەڕین ئەرکی پێشمەرگە دەگۆڕێت بە پارێزەری ئەو ئازادییە و تاکەکی خزمەتگوزار. ناکرێت پێشمەرگەی دەرین بە هەمان بیرکردنەوەی قەناغی خەباتی چەکداریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دەخشدا بکات، لەبەرئەوەی دوو قەناغن جیاوازیی ریشەیی و قووڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە و کەمترین پەیوەندیی و وەکچوون لەنێوانیاندا هەیە. ئێگەر ئەوکات شەشی کورد دژی حکومەتی ناوەندیی و دەستەڵاتی بەعسیی بووبێت چ لە خودی کوردستان چ لە عێراقدا، ئێستا ئەم شەشە خۆی حکومەتە لە کوردستان و بەشکیشە لە دەستەڵاتی بەیاردان لە عێراقدا. ئێگەر ئەوکات پێشمەرگە و

شەشی کورد لە چیاکان بەرەنگاریی هەڵمەتی پڕ چەکوچڕی رژێمەکی هار و دڕندەی دەکرد، ئەمە لە شار و بووتە دەستاتەکی هەڵبژێردراو، پێویستە وەک خۆی بە هێناسەی حکومەت و دەستاتەوە ئەرکی سەرشانی راپەڕێنێت. بە هەموو جۆرێک و لە دیان گۆشنیگا و ڕووەوە قەناغی هێنووکە جیاوازە لە قەناغی داگیرکراویی ئەم بەشەی کوردستان، هەبەتە لەگەڵ گۆڕان و وەرچەرخانی قەناغدا ئەرک و ڕەکانیش دەگۆڕێن، ناکرێت کەسێک لە دوو قەناغی جیاوازدا تێنیا یەک جۆرە ئەرک و ڕەڵی هەبێت، ئەمە مومکین نییە.

کەواتە ڕەڵی نوێی پێشمەرگەی دەرین چییە؟. ڕەڵی پێشمەرگەی دەرین لەم قەناغدا ڕەهەکی خەباتگێڕانەیە، بەڵام بە دیوە مەدەنییەکەیدا، لە کورتترین و پوختترین دەربەیندا ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەی دەرین ئەوەیە تەکەشانی مەدەنیانە و ئاشتیخوازانە بکات بە بەرینکردنەوەی مەودای ئازادیی و خزمەتگوزاریی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری. من ئەم تەکەشانە بە درێژکراوەی هەمان خەباتی شاخ دەزانم و لە ڕووی بەها و گرنگییەوە لە شانی یەکتردا دەیانبینم، بەڵکو ئەمیان قەناغێکی زۆر باڵاتر و پێگەیشتووترە لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا. ئەم قەناغە وا لە پێشمەرگەی دەرین دەخوازێت دەستبەرداری خولیای خۆی و ئەو نەرگسیەتە قووڵە بێت تووشی هاتووە و لە بژاردنی سەروەریی و شانازییەکانی دوێنێ بێتە دەرێ و لە جەرگەی واقیعی ئەمڕدا بێت و بە کردەوە بیسەلمێنێت دەتوانێت لە واقیع و قەناغی دوای ڕاپەڕینیشدا وچان بە ئەرکەکانی بدات، بەو پێیەی لەگەڵ بارودۆخ و ژیانی ئەم قەناغدا ئاوێتە بووە، ئەرکی پێشمەرگەی دەرین لەوە تێپەڕی کردووە پاسەوانی یانژی فەرماندەی بارەگا و بەرپرسێکی سیاسیی یان سەربازیی بێت، بەڵکو ئەرکی ئەو ئەوەیە زەرقانی مافی خەڵک بێت و لە سەنگەری داوا و خواستەکانی جەماوەردا ڕابوەستێت و یەخەی دەستەڵاتدارانی لەسەر ڕابوەشێنێت.

ئیدی پێویستە و کاتی ئەوەیە پێشمەرگە دەرینەکان کۆتایەکانی بەریان دابکەنن لەگەڵیدا چەمک و زاراوەی شەڕش بخەنە سەبەتەیەکی خاشاکەوە، چوونکە چیتر ئەمە شەڕش نین!! لە کاتێکدا تە سەرەک کۆماری عێراقیت، سەرەکی هەرێمت هەیە، ئیدی شەڕش چ مانایەکی هەیە؟ ناکرێت بە چەشنی بەعس و لەسەر هەمان بیرکردنەوەی سەدام حسێن ڕۆژانە و هەر دە خولەک جارێک وشە و زاراوەی شەڕش بە گوێی خەڵکیدا بچرپێنین و بیکەینە نان و ئاویان، ئەمە چیتر شەڕش نین، بەڵکو دەستەڵاتێکی کارگێڕیین، هەر بۆیە ئەمە وەک هاووڵاتیان داوا و

خواستەکانمان لە بەرپرسانی کورد وەک دەستکەوتەکانی شۆرش. ئێدی کاتی ئەوەیە پێشمەرگەی دڕین بە میکانیزمی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانە جووڵەی بەهێز لە خۆی نیشان بدات تاکو گەلانکاریی بەرچاو لە ئازادیی و مافەکانی خۆی وەدیبهێنێت و بەرجەستە بکرێت، ئاخر ناکرێت پێشمەرگەی دڕین بە وەهمی (دوژمن)ەوە سەیری ئەمنی و سیخوڕی بکات، یان لە گۆشەیەکی پەراوێزەوە لە بەردەم خەڵکەوە پرتە و بۆڵەی بێت، بگرە دەبێت دایناموی جووڵەی سیاسیی و سەرمەشقی بزووتنەوەی مەدەنیانە بێت لە کوردستاندا.

فەیلەسووف و هزرەوانی فەڕەنسی (میشێل فوکۆ) دەڵێت (من ڕاڤەی ئەوەم کردووە گەلان پەیوەندیی بە جووڵەی رامیاریی و هەیە). بە ئەوەی ئەم دەخڵی ئێستا تێپەڕێت و گەلان لەسەر بڕیارێکی دڕین و دەستبژێری ڕۆشنبیر و خوێندەوار جووڵەی سیاسیی لە خۆیان نیشان بدەن، ئیرادەیان هەبێت بە هەنگاوی نوێ و تێپەڕاندنی واقیع ڕووبەڕووو باشتر و چاکتر و ئازادتر. پێشمەرگەی دڕین نابێت دەست و پێ سپی بێت لە ئاست ئەو هەموو ناڕەواییەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، نابێت بەدەنگ بێت لە بەرامبەر ئەو ڕژێمە زۆر و ترسناکەی گەندەڵی و ڕەتین و بێکراسییەت، ناکرێت خەڵکی غافڵ بکات لە بەرامبەر ئەو هەموو بەفیڕۆبردنەی سامانی وڵات و ئەو هەموو بەرپرسە فایلدارە و ئەو لەشکرە لە سیاسیی بازرگان بە خوێنی ئابووری وڵاتەوە. لە ڕاستیدا کاتێک گەندەڵیی و نالەپرسراویی و نادادپەروەریی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەگاتە لوتکە و ڕاددەیەکی سەرسوڕهێنەر و خەیاڵیی بەرئەنجامی ئەوە نییە دەستکەوتە زۆر بەهێز و بە قودرەتە، بگرە بەشێکی هەرە سەرەکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە نەیارانی ناعەدالەتی و خراپکار خەیان بەدەنگ و زەریش لاوازن.

ڕەمەزان ڕەبان دەڵێت (من ئەمم زۆر جاران وتووە خراپتر لە هەموو خراپکەران کە جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت بە دەستکەوتاتی چاکخوازانە نێک دەستکەوتاتی خراپکاران). ئەوەی ئەم دەخڵی لە کوردستان خوڵقاندووە بە هەزیی و بە دەستکەوتاتی جەسەر و باڵی چاککار و ڕیفەرمخواز، نێک ئەستووریی و بەهەزیی باڵی گەندەڵ و خراپکار. پێشمەرگەی دڕین لەسەریەتی کۆمەک بکات بە ئاقاری بەهەزکردنی ڕەوتی چاکسایەتیخواز و مەدەنی و دیموکراتیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان و هەماهەنگ بێت لەگەڵ کار و پڕۆژەکانیان، هەروا پێویستە چەن لە خەباتی شاخدا پێشەو و سەرمەشقی جەماوەرکی

زۆری خەڵک بووە ئەستاش هەر بە هەمان ڕەحیمەتەوە هەوە بدات و کار بکات تا پێشەنگی ئەو جەماوەرە بە مەگەلکراوە بێت تەنانەت زمانیان نییە بە داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانیان. دەکرێت بەم پشمەرگەی دەرین دەبێت زمانحاڵی ئەو خەڵکانە بێت بەهەر هەیەک بووە ناتوانن گوزارشت لە ئازار و نەهامەتییەکانیان بکەن، قاچی ئەوانە بێت لەبەر هەر ڕەگریەک بووە ناتوانن هەنگاو بنێن بە سەندنی مافەکانیان، دەستی هەموو ئەوانە بێت لەبەر هەر هەکارەک بووە ناتوانن لافیتەیەک بەرز بکەنەوە یان یەخەی حاکمان بگرن و ڕایانوشێنن تاکو لە خەوی بێئاگایی لە بارودۆخەکە بەداریان بکەنەوە.
پشمەرگەی دەرین ئەگەر ئەرکەکی لەسەرشان بێت یان ئەگەر قەرارە لەم بارودۆخەدا ڕێگەک بگرێت پێویستە بەرهەستیی دەستپاک بکات نەک بە ئەوەی بیەوخەنێت بەکو بە ئەوەی چاکی بکات و بیهێنێتەوە سەر ئەو هێڵە ڕاستەی دەبێت هەیبێت. پشمەرگەی دەرین دەبێت واز لەو خەیاڵە بهێنێت هەر بەرهەستییکردن و بەرەنگارییەکی دەستپاک کەمەکە بە دوژمنانی کورد و سەرئەنجام ئەم حکومەتە (ساوا)یەی پێ لاواز دەبێت، بەکو پێویستە بەو شعورەوە کار بکات لازمە شۆشەکەی دوێنێی ماف و ئازادیی و ژیان بە هاووڵاتیان دابین بکات ئەگینا هەرگیز دەمی خەی ناگرێت و وەدەنگ دێت لەسەر مافی بەشخوراوان، ناڕەزایەتی دەردەبڕێت لە ئاست تاییەکانی ژیانی هاووڵاتیان و بەرهەستیی دەکات لەبەرامبەر هەر چەوتی و نابەجێیەکی ورد و درشتی دەستپاک. دەبوایە تاوەکو ئێستا چەندان ڕێپێوان و کەمپینی پشمەرگەی دەرینمان بدیبایە بە ناڕەزایەتی دەربڕین دژی دەستپاک و حکومەت، کەچی بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەدەنگن و جاروبار لەڕوولەوە لە سوچی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا سکاڵانامە یان نامەیەکی کراوە بە بەرپرسێک یان لایەنێکی بەرپرسیار دەنێرن و هیچی تر.

مایکە هاردت– ئەنتوان نیگیری دەڵێن (زۆر لە زاناکانی سیاسەت دەڵێن مەسەلەکە لەوەدا نییە بۆچی خەڵک بەرهەستیی دەکەن؟ بەکو لەوەدایە بۆچی بەرهەستیی ناکەن؟). ئاخر ئەگەر سبەینێ پشمەرگەی دەرێنەکان ناڕەزایی دەربڕن، پرسیار ناکەین بۆچی ناڕەزایەتی دەردەبڕن؟ چون هەموو دەزانین چەندە بەبەش و مافخوراون، چەندە دڵگرانن بەم بارودۆخە، بەکو هەنووکە پرسیار دەکەین ئاخە لەبەرچی و بۆچی پشمەرگەی دەرێنەکان ناڕەزایەتی دەرنابڕن و هیچ بەرهەستییەک ناکەن؟ ئەگەر هەر ئەمە چی پشمەرگەی دەرین هەیە بەر دەرگای وەزارەت و فەرمانگەکان بگرن و خەپیشاندان ساز بدەن، هەموو ئەوەمان لەلا ئاشکرایە وەزارەتەکان بە جۆرێک گەندەڵ و

کەمترخەمن، تەنیا پشتیوستە لە دژیان رێپێوان سازبکرێت، بۆیە لامان سەیر نییە. بەڵام ئەگەر پێشمەرگەی دێرین و دواتر کەی خەڵک ئەم کارەیان نەکرد، پرسیارەکە لەلامان دەوروژێت و دەپرسین ئاخۆ لەبەر کام هۆ و بیانوو بەرهەستیی ناکۆن و تاکەی خەیان دەخەنەوە و بەرگێ دەگرن؟. پێشمەرگەی دێرین لەسەریەتی لە پێناو ناسەزایەتی و داخوازییەکانی خەڵکدا بوەستێت لە بەرامبەر دەستکەوتەکان، هەروەک چۆن لەسەریەتی رچە و یەکەمین بەدەنگیی بشکێنێت و کەلەپچەی کەیی رابماڵێت. خەڵکی ئەم وڵاتە تەواو بێزار و بە هیوابوون لە بەرپرس و دەستکەوتەکان و پادشا نوێیەکان، تەنانەت گەنجەکان ئەم وڵاتە وەک (گەراج) یان فڕۆکەخانەیەک سەیر دەکۆن تا لەوێی بمێن بە تاراوگە، ژیانی زەحمەتییەکی قورسە و هەزار و یەک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی سەریان دەرهێناوە، هەموو چاوەڕێی فریادڕەس و دەستکەوتێکی راستەقینەن، لەبەرئەوە پێشمەرگەی دێرین نابێت کەمترخەم بێت بەرامبەر بە ژیانی جەماوەری گەل و دەبێت لەگەڵیاندا کار بکات بۆ بەرقەرارکردنی دەستکەوتێک کە ڕەز لە مافەکان و ئازادیی هاووڵاتییەکانی بگرێت.

(د.ناجی تکریتی) لە وتارەکیدا زێر باش نوسیووەتی (خەڵکی لە قسەی ڕووت بێزار و نائومێدبوون، پێویستیان بە ڕزگارکەرێکە لەو مەینەتییە ڕزگاریان بکات، ئەمەش تەنیا هەر بە قسە و وادەی بە کردەوە فریویان نەدات، لە چاوەڕوانیی سەرکردەیەکن قسە و کردەوەی وەک یەک بێ). پێویستە پێشمەرگەی دێرین هاوکار و یارمەتیدەری خەڵک بێت و لەگەڵیاندا بێت بۆ ڕاستکردنەوەی دەستکەوتداران و جێگیرکردنی سەرکردە و دەستکەوتێک بشکۆیەکی ڕاستەقینە نوێنەرایەتیان بکات. بە کورتی ڕۆڵی پێشمەرگەی دێرین لەم قۆناغە بریتییە لە داکۆکیکردن لە مافی خەڵک و خەڵک، گەڕانێتی لە پێشمەرگە و سەربازەوە بۆ تاکەکی ئەکتیڤی مەدەنی و هەردەم لە بەرامبەر دەستکەوتدا بوەستێت بۆ زیاتر چەسپاندنی مافەکانی خودی خەڵ و هاووڵاتیان، دواجاریش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراسی. ڕۆشنبیری عەرەب (حسێن دەروێش) دەنووسێت (لە مێژوودا چیرۆکی فەرماندەیەکی ڕەمانی هەیە کە بە سەرکەوتوویی لە جەنگێک دەتەوە و بە سەربەرزییەوە لە شۆقامەکانی شارەکێدا پیاسە دەکات، خەڵک لە دەوری جەم دەبن و هوتاف بۆ ناوی دەدەن و سەرکەوتنەکانی نەمر دەکۆن. هەر هەمان مێژوو دەڵێت لە پشت ئەو فەرماندەیەوە سەربازێکی بازوو و مێچەک ئەستوور ڕۆی دەکرد، ئەرکی ئەو سەربازە تەنیا پاراستنی فەرماندەکەی نەبوو لە ناپاکیی و پیلانگێڕیی، بەڵکو ئەوە بوو هەموو کات بە گوێی فەرماندەکەی بچرپاندبایە: لە یادت

بەت تۆ مرۆڤیت، لە یادت بێت تۆ مرۆڤیت). ئەرکی پێشمەرگەی دەرینیش ئەوەیە هەمیشە بە گوێی دەستەڵات و سەرکردەکانی کوردا بچرپێنێت لە یادتان بێت، ئەو خەڵکەتان لە یاد بێت، بەڵێن و وادە و پەیمانە زلەکانی خۆتان لە یاد بێت.

پێشمەرگەی دەرین و نائومێدیی و نامەبوون

نائومێدیی و نامەبوون بێشکی جیانەکراوەی دەرووحی مرۆڤ، لەگەڵ مرۆڤدا نامەبوون گێشەی کردووە و بە بەردەوامی وەک سەبەرەک لە تەکیەوە ڕەشتووە. لە ڕووی شیکردنەوەی دەرووحیەوە زاناکان و قوتابخانەکانی دەرووحشیکاریی کەکن لەسەر ئەوەی نامەبوون لە قووڵایی ناخی هەموو مرۆڤکدا چنراوە و هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیانیدا تووشی شەک و نائومێدیی نەبێت. هەرچەندە ڕژێ و ئاستی ئێم نامەبوونە لە مرۆڤکەوە بە مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت بە هەمان شێوە هەکارەکان ڕەنگی ئەجگار گرنگ دەگێڕن لە زیاتر نامەکردنی مرۆڤدا. پێشمەرگەی دەرین ئالی و سوپەرمان نەبووە و نییە بەڵکو مرۆڤێکی تەواو ئاسایی و بەدەر نییە لەگەڵ و ئازیزیی دەرووحییە هاوبێشکانی مرۆڤ، ئەویش وەک هەموو کەسانی تر ژیانی دابێشبووە بەسەر لەحزەی گێشبینی و کامەرانی و لەحزەی نائومێدیی و نامەبوون. ڕەنگە لەبەر چەند هەکارێکی تایبەت و دیاریکراو پێشمەرگەی دەرین زیاتر تووشی نائومێدیی و تانانەت تەکشکان ببێتەوە. گرنگترین فاکتەر لەم ڕاستایەدا بریتییە لە وردوخاشکردن و بەسەرابکردنی خەونەکانی، ئەو خەونانەی لە قۆناغی خەباتی شاخدا هەزارەها جار بەڵێنیی بەدیهاتنیان پێدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارودۆخە نەخواستراوترە پێ گەندەڵیی و نادادپەروەرییەی دوای ڕاپەڕین یەکێکی تربووە لە فاکتەرە هەرە بەهێزەکانی نامەبوون ئەمە نەک هەر بە پێشمەرگەی دەرین بەڵکو بەسەرجەم هاووڵاتیانی کورد. هەنووکە دەبینین وەهمەکانی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم و مافی چارەی خۆنووسین تەبەخوریان کرد و وەک هەڵم بە ئاسمانی بەدەنگیدا چوون.
ئەوەتا کوردستان دوای هەڵبجە و ئەنفال و کارەساتە سامناکەکانی لەسەر دەستی بیرەکەی پانعەرەبیزم جارێکی تر دەلکێنرێتەوە بە عەراقی بە هیوایی و نەهامەتییەوە. نەتەوایەتی و کوردایەتی بووە بە کەمپانیا و دوکانداریی و کایەکی بە نرخ و گرانبەهای بازاڕی سەفقات، هەنووکە بەرهەمهێنرانی دوێنێی گووتاری نەتەوایەتی بازرگانی هەرە گەورەی ئەمڕۆی وڵات و بزنسمان و خاوەن کەمپانیای زەبەلاح و سەروەت و سامانی خەیاڵیی و نەبەاوەن،. دروشمەکانی وەک مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس و ئازادیی بیروباوەڕ و دیموکراسی لە

بازاڕی کوردیدا ئەکسپایەر بوون و فەڕاوانتە تەنەکە خەڵکانی شارەوانییەوە. سۆسیالیزم و (وتە زێینەکانی) ماوتسی تۆنگ و کولتووری چە گیفارا وەک بەرگێکی کۆن و دڕاو لەبەری حزبەکان داکەنرا. درژترین رووباری خوێنی پێشمەرگە و شەهیدان تەکەڵە بە مەی و شامپانیا و کۆنیاکی بەرپرسە چاوشێڵکان بووە و بەیان بەتە جگەی کووسەر و شەرابی فیردەوس. هەنسک و حەسرەتی هەژاران و ماوەرانانی ڕەگای رزگاریی بەتە خەشترین نوکتە بە دەستاتداران و ئاو ئاو بەرپرسە نمەک بە حەرامانەی تا دوێنێ لە شاخ تەنیا بە دەی مشکەی گوند تینووەتیان دەشکا. ئیتر مرۆڤی کورد چۆن تووشی نامەبوون نابێت؟. ئەی پێشمەرگەی دەرین چۆن لە هەموومان زیندەتر و زۆقتر بەم دەردە بیمار نابێت و تاکو سەر مۆخ هەست بە ئازار و ئێش ناکات؟.

نووسەری ناسراوی عەرەب (حسێن دەروێش) لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (البیان)دا باس لەو نامەبوونە دەکات لای نەوەی شەشگەری عەرەبی و دنووسێت (ئەو نەوەیەی کە نەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو بوون بە وەهمی نەتەوایەتی و نیشتمانی گەورەی نەمرۆ ژیان، لە دوای ئەو وەهمانشەوە وەهمی سەروەتیشی هاتە سەر، هەر ئەم نەوەیە ئێستا بە چاوی خەی دەبینێت خوێنکانی چییان بەسەرهات و لە کۆتایدا گەیشتە چ ڕۆژکی کوشندە ئەمەکە دەیبینین). پێشمەرگەی دەرین وەک نەوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو (سەدەی بیست) دوای بە هەشکردنی بە تلیاک و وەهمی نیشتمانپەروەریی و کوردستانێکی سەربەخۆ و پاوپە لە ئازادیی و ماف، ئەمڕۆ دەبینێت خوێنکانی یەک لە دوای یەک هەرەس دەهێنن و ئەو جادووی لە شاخ لێکراوە یەک بە یەک پووچەڵ دەبنەوە و ماهییەت و سروشتی ڕاستەقینەیان بەدەر دەکەوێت. ئەمەکە بە چاوی خەی دەبینێت خوێنکانی چییان لە بەسەر هاتووە و ڕۆژگاری کورد گەیشتووەتە چ چارە ڕەشییەک!، ماف و ئازادیی گەورەترین و تاتەترین درۆ بوو لەگەڵیدا کراوە. دوای ئەم هەموو بەتاڵکردنەوە و لە باربردنی خوێن و ئاواتەکانی دوێنێ، پێشمەرگەی دەرین هیچ ڕەگایەکی تری لەبەردەم نییە یان بەرپەرچدانەوە یان خەخواردنەوە و ئازاری ویژدان و نامەبوون. دەبینین تا ئەمڕۆ پێشمەرگەی دەرین ڕەگاچارەی دووەمی هەڵبژاردووە، ڕەگاچارەی خەخواردنەوە و ئازاری ڕۆح و ویژدان.

پێشمەرگەی دەرین ئەوە ڕۆژە لە خەباتی سەخت و دژواری قۆناغی شاخدا، خوێنی بە وەاتەکەوە دەبینی هاووەاتیان لە ئەرک و ماف و ئازادییەکاندا یەکسان بن، ڕەز لە مرۆڤبوون بگیرێت پێش هەر شتێک،

بە چەکی شەش و نەبەردیی و هەمەتی سەربازییانە چاوی لە پاشەڕۆژکی روونـاک و ئارام و ئاسایی بڕیبوو. هەموو ناحەتییەکانی شاخ و هەوراز و نشێوکانی ڕێگای هەوە و خەباتی قبوڵ بوو تاسبەینێ دادپەروەریی چ بێت و یاسا سەروەر بێت و مافی هەموو کەسێک پارێزراوبێت، نەک وەک ئەمڕۆ پارە دەستاتدار بێت، ئاخر کاتێک پارە دەبێتە خودا، مرۆڤ دەبێتە بەندەی پارە و دەبێت وەک کەلەپەک پارە بپەرستێت، ئێستر ئەمش سەرتای هەموو خراپەکارییەکانە. برتەند برێخت، دەڵێت: (لە کۆمەڵگەیەک پارە تیایدا فەرمانڕەوایە و بەدەستهێنانی پارە جگە لە ڕێی ناپەسندەوە مەیسەر نییە، چاکەکاریی دەبێتە درێ). پێشمەرگەی دێرینیش چاوی هەیە و ئاوە دەبینێ (سەربەستی ڕابەرایەتی گەل ناکات) بەڵکو پارە تاکە والی و فەرمانڕەوایە، ئاو بیروباوەڕ و پرنسیپانشی لە شاخ دیعایەیان بە دەکرا تووە دراونەتە زبڵدانی مێژووەوە و بە کلاسیک هەژمار دەکرێن، ئێستر بەوای بە هیچ چاکەکارییەکی حزب و سەرکردایەتییەکەی نامێنێت، ئاسانیش نییە دوای ئاو هەموو ناحەتی و قوربانیدانە بە ژیانی خە هەروا بە بیارەک دەستبەرداری حزبەکەی ببێت، ئاخر ئەمە قورسترین بیارە و سەرسختترین دەروونی گەرەکە، مرۆڤ ناتوانێت بە دەستی خەی کەرپە یان کوڕە جگەرگۆشەکەی زیندەبچاڵ بکات! لەگەڵ ئاوشدا پەی شادمان بێت. سەختییەکە لەرەدایە پێشمەرگەی دێرین لەنێوان دوو یان و دوو ڕێگادا تووشی شک و ئازار بووە:
یەکەم: دەستبەردان لە حزب و کاروانی دوورودرێژی خەبات، ئەمش کارەکی ئەستەم و پڕ لە ناحەتییە و چەکردنی مەیدانیشە بە گەندەکاران.

دووەم: قبوڵکردنی ناعەدالەتی و ئاو قەیرانە خنکێنەر و کوشندەیەی کۆمەڵگەی کوردی تیایدا دێژی لەگەڵ چاوپێشین و دیزە بەدەرخەنکردنی دزی و گەندەڵیی دەسەڵات و پاساو هێنانەوە بە نەبوونی ئازادیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بە مافییەکانی جەماوەری خەڵک.
ئەمشیان دوورە لە سروشتی ڕاستەقینە و واقیعی پێشمەرگەی دێرینەوە، چوونکە ئاو کەسێک بووە لە سەردەمی پێشووتر قبوڵی ئەمانەی نەکردووە بەیە شاخ و خەباتی هەڵبژاردووە، بەیە ئاگەر ئەستا پێی ڕازی و قایل بێت کەواتە خەبات و بەرخودانی چەندان ساڵی لەسەر چیاکان چ مانایەک دەبەخشێت؟ سەروەرییەکانی دوێنێ قابیلی ئاوەن بە هەڵەکانی ئەمڕۆ لەناوچن وەک ئاوەی بەرپرسەکان کردیان. بارودۆخی کوردستان لە کێناری هەڵدەر و ڕەخی تیاچوونە، چوونکە

مرۆڤی کورد لە هەموو رووێکەوە تێکدەشکێنرێت و هەناسەی سافی دوکەڵاوێی دەکرێت، هەژاریی وەک پەتایەکی کوشندە پڕە دەسنێت، ژمارەی هەژاران و بەدرامەتان لە ئاستێکی ئاسایی دەرچووە، لەولاوە چەندان کەس و بەرپرس بەشوێکی سەرسوهێنەر دەبنە سەرمایەدار و ملیۆنێر بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت پرسیاریان لێبکات ئەمیان بە چی؟. د.ناجی تکریتی، لە وتارێکدا بە ناوی (نامەیەک بە کاربەدەستی وڵات) دەنووسێت (دەبێت هەمیشە ئەوە بزانیت هەرچەندە ژمارەی ملیۆنێران زۆرتربێت ژمارەی هەژاران و نەداران دوو هێندە دەبێتەوە). پەویستە کاربەدەستانی وڵات بزانن هەژارانی ئەم نیشتمانە خەمناکە سەد بەرابەر و هەزار بەرابەری ئەو ملیۆنێرە بە بژێویانە دەبن کە بەوننەی گروپەکانی مافیا دەستیان بەسەر بازاڕ و ئابووری و بژێویی هەژاراندا گرتووە. خێک لەم نادادپەروەریی و جیاوازییە قووڵە چینایەتیە بێزار و رق ئەستوورە بە قەدەر ئەوەش تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی و ڕەشبینی بووە، پەشمەرگەی دەرین بە پلەیەکی زیاتر لە خەڵکانی تر دووچاری ئەم حاڵەتە بووە، چون ئەو لە سەرکەوە خەی بە تاوانبار دەزانێت کە ئەمە بەرهەمی خەباتکەیەتی، لە سەرکەی تڕەوە ناڕازی و بێزارە چوونکە خوازیاری ئەم ڕژێمە نەبووە و هیچ کات لە نیازیدا نەبووە بە کوردستانی گەندەڵیی و ڕاووت خەبات بکات، ئەگەرنا نەیدەکرد.

پەشمەرگەی دەرین دەیویست مرۆڤی کوردستان لە ئەوڵەویەتی کاردا بنیات بنرێتەوە، ئەوی رژێمی بەعس سووتاندی سەوز بکرێتەوە، ئەوی داگیرکەرانی کوردستان کاولیان کرد بە رازاوەترین شێوە دروست بکرێتەوە، ئەوی بەعس تاریک و ڵەڵی کرد لەسەر دەستی کورد سپی و ڕوون بکرێتەوە. هەروەک (حسێن دەروێش) دەڵێت (بەر لەوەی بیر لە بنیاتنانەوەی نیشتمان بکەینەوە پێویستە بیر لە بنیاتنانی مرۆڤکان بکەینەوە، هیچ مرۆڤکیش ناتوانێت بنیاتنەر بێت ئەگەر بەتەو ئازاد نەبێت، ئازادیش وشەیەکی ترسناکە لە نیشتمانێکدا کە کراوە بە زیندانێکی گەورە). پەشمەرگەی دەرین کاری بە ئەوە کردووە وڵات نەبێتە ئەو زیندانە گەورەی حسێن دەروێش باسی دەکات، بەڵە هەموو ناڕەحەتی و تاڵیەکانی دونێی لا شیرین بووە، بەڵە نوستن لەسەر تاشە بەردی شاخی بەلاوە دۆشکی لەکە و حەریر بووە، بەڵە چەکی سەرشانی لەهەموو شت لا پیرۆزتر بووە. ساتێک ئەستا دەبینێت ئاوەدانکردنەوەی چی؟ بنیاتنانەوەی چی؟ خەباتی چی؟ کورد و کوردستانی چی؟ کولتووری بەرگریی چی؟ نەتەوایەتی و گەلی چی؟ مرۆڤ و مافەکانی چی؟ چی و چی... هەر هەمووی بوون بە دریەکی گەورە و جگەی گاڵتە و شاخی پەکردن، ئیدی وەرە مرۆڤێک بەو هەموو دەرد و ئازارەی زەرەی شاخەوە بتوانێ بەرگەی ئەمە بگرێت!. لەبەرئەوە

پەشمەرگەی دەرین ناتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە بسازێت، چوونکە ڕۆحە سەرکەشەکەی ڕەهای پەنادات، مادام وایە نائومێدیی و نامۆبوون لە هەموو لایەکەوە قانگی دەدات و داگیری دەکات. بە نیگبەتی ئەو کەمەندگەیشی پەشمەرگەی دەرینی تیا دەژی تووشی هەمان شۆک و پەتا هاتووە ئیدی چۆن دەتوانێت باری سەرشانی سوک بکات و موراعاتی بکات، کەمەندی وەسن وتەنی (ئەگەر ژیارێک ڕەحمی نەخۆش بێت تاک بە هەمان نەخۆشییەوە دەتلێتەوە).

کە کەمەندگەی کوردی خۆی نەخۆش بێت و لە هەمان کاتدا دەستەماتی سیاسیی یەکەم کەس بێت بەم قایرەسە تووش بووبێت، چۆن خەڵک بە گشتیی و پەشمەرگەی دەرین بە تایبەتی دووچاری نەخۆشی و گرفتی دەروونی نابن؟ بە پەشمەرگە حاڵەتەکە زۆر جیاوازتر و قورستریشە، چوونکە ئەو لە هەموو کەس زیاتر خۆی بە خاوەنی ئەم خاک و وڵاتە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەش ئازار و نائومێدیی پەشمەرگەی دەرین لەوانیتر زیاترە و هەستکی قووڵ و مەزنتری لە خەڵکە ئاسایییەکە هەیە، ئەو دوونە بە گیانی خۆیشی ئامادەبوو داکۆکی لە وڵاتەکەی بکات ئەمە چۆن دەتوانێت دیل و ملکەچ بێت؟ پەشمەرگەی دەرین وەک مرۆڤی مەزن، بە پێچەوانەی پیاوە گرگنە دەرباریییەکان خەمی لە هەموو کەس زیاترە، ئازاری لە من و تە بەسوتترە و ویژدانی زووتر دەوشێت و بریندار دەبێت. شاتوبریان، دەڵێت (سەرت سووڕ نەمێنێت لە ژیاندا ئەرک و ئازارمان لە کەسانی دیکە زۆرترە، چوونکە کەسانی مەزن و بەهرەدار ئێش و ئازاری لە کەسانی بێ جورم و بچووک زۆرترە). لای منیش سێیرو جێی واق وڕمان نییە وەختێک دەبینم زمانی پەشمەرگە پڕ گلەییترین زمانە و ویژدانی پڕ ناسۆرترین ویژدانە و ڕۆحی بریندارترین ڕۆح و جەستەی شکەتترین جەستەیە. بێزاریی و نائومێدیی پەشمەرگەی دەرین تەنانەت تا ئەو سنوورە ڕۆشتووە لە بڕامبەر ژیاندا تەواو دەدەنگن و ئیرەیی بە مەرگ و گڵە دەبەن، بە خەم لە کەسکی زۆر نزیکم کە سایانکی زۆر پەشمەرگە بوون بیستووە: وتوویەتی حەزم دەکرد لەگەڵ فڵان کەس لە فڵانە داستان شەهید بوومایە و ئەم ڕۆژە ڕەش و ئەو شکست و هەرەسە گەورەیەی بیروباوەڕ و حزبەکەم نەدیبا. واتە هەرەسی پەشیمانبوونەوە لە بەڵێن و وادە و خەونکانی قەناغی شاخ.
تەنانەت هەندکیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی وەک (لامارتین) بڵێن (گیانم خەمناکە وەک مردن، ئیرەیی بە گەکە دەبەم، ئای بە ئەو خەوە قووڵە درێژە). زۆر جار لە بەرپرسە باڵادەستەکانی دەبیستم دەڵێن پەشمەرگەی دەرین بە ناڕازیە؟ ئەوە نییە زۆیمان پێداون و مووچەی خانەنشینییان هەیە!!. بگومان هەیە لەسەر جۆری ڕۆژی

بەرەندبوون لەم ئیمتیازاتانە نازیز، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە پێشمەرگەی دەرین تەنیا شینی خەی ناکات، ئەو دەیەوێ هەموو خەڵکی سوودمەند بن، ئەوی بە خەی هەڵدەبژێرێت بە سەرجەم هاووڵاتیانی گەلەکەی هەڵدەبژێرێ. سارتەر وتی (ئەوی بە خەمی هەڵدەبژێرم واتە بە گشت مرۆڤی هەڵدەبژێرم). پێشمەرگەی دەرین بە هەستێکی سارتەریانەوە داوا دەکات و هیچ شتێکی تەنیا بە خەی نییە. پێشمەرگەی دەرین هەرگیز نایەوێت خەی پێشتێ و پەرداخ و خەڵک رووت و ڕەجاڵ بێت، ئەو گەرەکییەتی یەکسانی بێ بە من و تۆ و هیچ پێودانگێکی تر بەرجەستە بکرێت. (س- ش) و (ل- ع) وەک یەک بن لە تەرازووی یاسا و ئەرک و مافەکاندا. خەون و خەباتی پێشمەرگەی دەرین بە وەرگرتنی پارچەیەک زەوی نەبووە، ئەو کە چیاو دەڕ و خەرەند و تاقگە و جۆگە و ئێشکەوت و ڕەز و باخ و کانی و زنی ئەم وڵاتە بە موڵکی خەی دەزانێت چ پێویستی بەو پاداشتە هەیە تاپێیکی ڕزیوی بدەنێ دەست و بڕۆن فەرموو ئەو پارچە زەویەیە لە بری هەموو خەباتەکەت. پێشمەرگەی دەرین خەی بە (مەسەلینی) نازانێت تا بڵێت (ئەوەی پێای هەیە نانی هەیە)!. ئەو دەیەوێ پێادار و بە پێا، چەکدار و بە چەک هەموو نان و ئازادییان بەر لە هەر شتێک هەبێت و هەڵی ژیانیان بە بەخسنرێت و کامەرانی و شادییان بە مسۆگەر بکرێت. بەڵام لە واقیعی حاڵدا نە پێشمەرگەی دەرین و نە خەڵک بە گشتیی سوودمەند نەبوون، لەوە پتریش بوونەتە هەژن و سووتەمەنی ڕێگای دەسەڵاتدارانی کورد بە مانەویان لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی.

مرۆڤ لە نەوان یاخیبوون و نائومێدییدا یەکێکیانی بە دەمنێتەوە، لە واقیعی گەڕاوی دنیای نوێدا یاخیبوون قورس و ناڕەحتترە بەیە نائومێدیی بە ئاسانی یەخەی خەڵک دەگرێت، خەستترین نائومێدیی و نامۆبوونکیش دەبێتە میوانی دەی پێشمەرگەی دەرین. لە خەڵا نییە دەبینین هەندێکیان بەرگە ناگرن و بەبە هیوایەوە ڕێگای تاراوگە دەگرنەبەر یان بەشێکی هەرە زۆریان بەهەی ئەلکهول و مەی خواردنەوە خەیان بەتاڵ دەکەنەوە و هەوەی خە قووتارکردن دەدەن لە دەست ئەو واقیعە تفت و تاڵ و نائومێدکەرە، بگرە هەندێکیان ماددەی سڕکەر و بەهەشکەر و ئارامبەخش بەکاردەهێنن بە ڕاگرتنی هاوسەنگی خەیان تاکو ئەوە هیچ نەبێ لە ئاکامدا شت نەبن. ولیەم فاش دەڵێت (ئەو کەسەی خەمی هەیە شرابیشی هەیە). فاش دەڵێَی ئەم قسەیەم تەنیا بە پێشمەرگە دەرینەکانی کورد کردووە، چونکە پێشمەرگەی دەرین زۆربەیان هیچیان نییە جگە لە غەم و شراب.

بەهەرحاڵ دوای ڕاپەڕین لەبری ئەوەی پێشمەرگەی دەرین قەرەبووی ڕۆژانی ناهەمواری بکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی خەونکانی بکرێتە

واقیع و ئاوات و ئومێدەکانی بەدیهێنرێت کەچی هێنووکە فرامێشکراوە و تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی کراوە. بەڵام ئەم ئاوە ناگەیەنێت کەبدات، رەنگبێ وازهێنان و بەرەاکردنی جێوی ئەسپێشی دەسەڵات کارەساتی لاوە زیاتر بنێتاوە، حەقوایە پێشمەرگەی دەرین جووڵە لە خەی نیشان بدات، راستە تووشی شکست بووە، بەڵام شکست بە مانای کۆدان نایێت، هەمەنگوای، دەڵێت (رەنگە مرۆڤ تێکبشکێت، بەڵام هەرگیز کۆنادات). ئەمە چاوەڕوانییمان هەیە لە پێشمەرگەی دەرین هەرچەندە دەزانین لە ناخی هەریەکەیاندا گریانێکی بێ کۆ هەیە و لە رووخساری کاتی پێکەنینیاندا فرمێسکێک خەی حەشارداوە، رەنگە هەر بۆ جارێ بێت (نازم حیکمەت) لەم چەند دێڕە شیعرەدا وەسفی دەکات:

مرۆڤ چۆن ئەتوانێ بگری و ناخی دەی پێی نەزانێ
مرۆڤ چۆن ئەتوانێ شەرم داینەگرێت و
وەکو لەزمەی باران بگری
وا راهاتووی، وەکو پەیکەرێکی بەردین دائەنیشی و
ناخت ئەگری و رووخساریشت پێئەکەنێ
ئای کۆم چەند گرانە
گەیشتن بۆ قەناغە گریانەی وەکو
گریانی قووڵی دایکانە

پێشمەرگەی دەرین لە جەنگاوەرەوە بۆ خانەنشین

هیگێ راستی کرد وەختێک وتی هەریەک لە ئەمە تەنە کۆی سەردەمەکەی خەمانین و لاوە بترازێت ناتوانین کۆی دوو سەردەمی لەک جودا بین، هەرچەندە کەسانێک هەبوون ویستوویانە کۆی زەرەک لە سەردەمەکان بن، بەڵام بەیان نەچووەتە سەر، دروست بێ پێچەوانەوە بوونەتە گاڵتەجاڕی نەوەیەک کە هەرگیز ناتوانێت لە ویست و خوێنکانی ئاو تێبگات، نەوەیەک سەرلەبەری رابردوو بە هەڵگرانی گووتار و دروشمکانییەوە رێت دەکاتەوە و دەیەوێت بیانخاتە پەراوێزەوە. پێشمەرگە ئەگەر لە قەناغی رزگاریی نیشتیمانیی و خەباتی دژواری ژیردەستەییدا مەمی گۆشی ئومێد بووبێت ئێستا کە قەناغی پاش شەڕش و چنینەوەی دەستکەوتەکانی قوربانیدانی پێشانە، رەنجی بەسەرچووە وەک قارەمان یان وەک ئاو کەستییە بە هەیبەتی لە ئەندێشەی نەوەی پێش ئازادیی وەنەی بە کەشرابوو، لە زەر بەنە و جەگەی دیکەشدا ئاماژەم بە ئاوە کردووە سەردەمی بزەز و پە لە ئاوگەڵ و گۆشەندووی دوای توانەوەی بەستەڵەکی جەنگی سارد سەردەمەکە ئاوس نییە بە قارەمان و کاریزمای رەحیی بەکۆ کەمەگەی تەکنەلۆژیی هاوچەرخ هەموو

چەمکەکانی شەڕش و سەرکردەی کاریزمیی و قارەمانی رادەستی مەزەخانەی کردووە و کردووونی بە کەلەپوور.
تەواوبوونی سەردەمی پێشمەرگە بە مانای ئەوە دێت رۆژی کلاسیکی پێشمەرگە کە مەیدانەکەی جەنگی پارتیزانیی و نەبەردیی سەربازیی بوو کۆتایی پێهاتووە، چوونکە بارودۆخی ئەو قۆناغەی جەنگ و خەباتی شاخ و شاخی فەرز کردبوو ئەویش کۆتایی پێهاتووە و مەژوو دەرگای لەسەر قۆناغێکی تر خستۆتە سەر پشت کە قۆناغی دەستکەاتی خەماڵییە، بەڵام هەشتا پێشمەرگە دەتوانێت بە مۆدێلێکی تازە و هاوچەرخ کار بکات، کارکردنێک تێبا بێت لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و وێندانەوەی هەلومەرجی بابەتی و هەنووکەیی کەمەگەی کوردستانی ئەمڕۆ بێت.
سەرکیترین پرسیار لەبەردا قووت ببێتەوە پرسیاری شێوازی نوێی کارکردنی ئەو ژمارە کەسیە لەژێر ناونیشانی پێشمەرگەی دەرێندا دەیانناسینەوە، وا دەردەکەوێت هەموو بەوە قایل کرابین ئەو دەستە خەڵکە بنەردرێنەوە بە ماڵکانیان و بە مووچەی خانەنشینی ڕزیان لێبنرێت، کەچی لە بنەڕەتدا بەشی دووەمی کاری پێشمەرگە بە کۆتا نەهاتووە، ئەویش دروستکردنی کەمەگەیەوەای ئەوەی ستەمی نەتەوەیی لەسەر نیە، لە ڕووی ئابووری و ژیانی تاکەتاکی هاووڵاتیەکانیشیەوە کەمەگەیەکی ڕفاە و خۆشگوزەران و کەم کێشە.
مەهامی یەکەم هەر لەگەڵ یەکەم بەسەی ڕاپەڕینکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 دا دەستبەر بوو، هەرچی دووەم ئامانجیشە بە درێژایی شانزە ساڵی ڕابەقی دەستکەاتی کوردیی و پانزە ساڵی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک بەدینەهاتووە بگرە بە بەراوورد بە رابردوو لە پاشکۆدایەیان لە شوێنی خەی فەتەناش لەدەدات و ناەواتە پێشەوە بەو ئاقارەی شەش لە شاخ بیری لەدەکردەوە یان بە زمانێکی تر بەو فەرمەی خەڵکیان لە تەگەیاندبوو. ئەم بار و زرووفەی هەیە پێویستی ئەکتیڤبوونی سەرجەم مرۆڤی کورد دەکاتە پێویستییەکی ژیانی، لە نەوانیاندا پێشمەرگەی دەرین بە ڕەە نییە و دەتوانێت جەگە پێنجەی بدات لەسەر بارودۆخەکە یان بە دیوێکی تردا لەتوانایدا هەیە نەخشی هەبێت لە باشترکردنی ئەو دەخە نەخوازراوەی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە کە نەوەی دوای ڕاپەڕین یان نەوەی قۆناغی ئازادیی نائومەد کردووە بە جۆرێک گومان لە رابردوو بکات، گومان لە ڕەنج و قوربانیدانی هەزاران کەس بکات کە هەموو خۆن و زەحمەتکیان بە هەنانەدی کوردستانێکی ئازاد و دوور لە ژێردەستیی بووە.
ئەرکی پێشمەرگەی دەرینە خەباتێکی بگرێت بە خەباتێکی مەدەنی ئاشتیخوازانەی هاوچەرخ تا وەک گروپی فشار و بێشک لە

بزووتنەوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قورسایی هەبێت لەسەر ئاراستەی کار و هەنگاوەکانی حکومەت و لە بەرژەوەندیی گشتیی داکۆکیان لێبکات، ئۆگەر قەناغی پێشمەرگایەتی ماتریاڵەکانی خەبات بریتی بووبن لە چەک و تەقەمەنی و بارووت و سەنگەر و حەماسەت و وریە بەرزیی، ماتریاڵەکانی ئەم خەباتەی بریتین لە پێنووس و رۆژنامە و ڕێپێوان و نمایش و میتینگی جەماوەریی و وروژاندنی رای گشتیی و واژۆکردنەوە و میکانیزمەکانی تری کاری مەدەنی کە هەنووکە لە دنیای شارستانی و پێشکەوتوودا بەکاردەهێنرێت وەک چەکێکی کارا و بەهێز.
پێشمەرگەی دێرین نابێت وەک خانەنشین لە خەی بەوانێت هەروەک چۆن پێویستە واز لەو خولیا و بیرە ژەنگاوییە بێنێت کە خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانە، دەبێت وەک کەسێک لە دێرینداچۆن بە هەڵبژاردنی ڕەی پێشمەرگایەتی هەڵوەستی هەبووە و بە گوە و تینووە کاری بە دڵزێک کردووە بە هەمان حەماس و گەرم و گوێیەوە بشدار بێت لە نەخشاندنی کەمپەگێیەک ئازادیی بنەماکانی بێت و بەرز راگرتنی ژیانی مرۆڤکانیش ئامانجی بێت.
ئەم قەناغ و هەلومەرجە ئەم کارە لە پێشمەرگەی دێرین دەخوازێت نەک سەرقاڵییەکانی بە خوێندنەوەی حکایەتکانی دونە کە هیچ مانایەکیان بە ئەمڕۆ نەداوە، نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگەی دێرین خانەنشینکردنی هەڵوەست و چالاکیش بگرێتەوە نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگە مانای خستنە لاوە و پەراوێزخستن بگرێتە خەی بەکۆتانەوەک ڕەز و داهاتێک تەماشای بکرێت کە بە ژیانی وی پێویستە. لەم کاتەدا چیرۆکێکم بیر دەکەوێتەوە، داپیرەم هەرچەندە زەر پیر ببوو زوو زوو پێی دەوتین ئۆگەر تەواویش لە پەل و پە بکەوم هەشتا هەر متمانەم بە خەمە هەندێک کاری خەم راپەڕێنم، هەر هیچ نەبێت تاقمی ددانەکانم پە دەشەردرێت! ئیدی بە چاوی پە لە گریانەوە دایووت پیریی و هەزار عەیب، بەخوا دە سەعات بە پە ڕەشتووم و دوایش دوو چین هەڵپەڕیووم!!. جا ئۆگەر پێشمەرگەی دێرین وزەی جارانیشی نەمابێت و نەتوانێت بەهەمان گوە و تینەوە کاربکات، بەڵام هەر چاوەڕێی جوە و هەڵوەستی لەدەکرێت ئۆگەرچی ئەو جوە و کارە وەک ئەوەی دایە گەورەی من بچووکیش بێت.

*ئەم توێژینەوە بە پێنج بەش لە ڕۆژنامەی "مادەنە" لە کۆتایی 2006 و سەرەتای 2007 بڵاوکراوەتەوە

دڵتەنگیی وەک بیانوویەک بۆ گریان!.. نوری بۆخانی

وا باشترە خەیاڵت ببەموە سەر چیڕۆکی بریندەک
تا لە دڵخی شکست نا، لە دڵشکان تێبگەیت
بتبەموە لای ئاوازی گۆرانیەک،
کە خوێنی بریندەکی سەرنەکردووی لەبەر دڕواوات،
گۆرانیی:
"ئەی دڵ خەتا تاکوو کەی، مایل بە خەتاکاریی
دوێنێ کە دەمکم بوو، ئەڤڕۆ نادەمکم بوو"

ئیتر ئاوا،
ململانێ لەگەڵ دڵی خۆت، دژوار و بە ژانە
مەیدەکەللەقیی لەگەڵیدا
شتەکی دڵخۆشکەرە کەسەک لەناو دڵت بێت و
کەس نەزانێت،
نەک هەر ئەوەی نەزانن کەسەک لەوێیە،
ئەوەیش درک بەو ژانە نەکەن کە بە هۆی غەمگینیی ئەو کەسەوە
دڵتخواتەوە!

ئەغەمگینیی ئەوەی خۆشت دەوێت، وەک شەقیقە وایە،
گۆڕت دەکات
وەک بریندەک، کە شەکرە نەهێڵێ وشک بێتەوە،
هەمیشە تێڕا
وەک شەرپەنجە، کە ترسی ژیانەوەی خانەکانی هەبێت،
بینەوێشی ئارامت ناکاتەوە!

ئەڕۆ،
بەرگەی ئێشی خۆت و دڵشکانەکانت دەگریت،
وەڵێ دەرەقەتی ناێ و نرکەی ئەو نایەیت
ئاسان نییە، بەڵام ئاژەک دە و تەدەگەیت
غەمگینیی خۆت نا، دڵتەنگیی ئەو،
زیاتر ئازارت دەدات
پتر ماندووت دەکات و
زەرتر تە دەگرێنێت، تا ئەو!

ژێک دەت دەزانیت، کە لە دەخی ئاوادا
دەتوانی دەست لە خەت بشۆیت،
واز لە هەموو خوونکت بهنیت
خەیاڵت لای بریندکانی خەت نەبەت
خەم لە دڵشکانکانت نەخۆیت و
بیرت هەر لای ئەو بەت
بیرت لای ئەو بەت، چۆن دڵی بدەیتەوە
ئارامی بکەیتەوە
بیخەیتەوە سەر ڕێتمی پکەنین
خۆشیی تدا بوونیت و
بەختەوەریی تیادا ئاو بدەیت!

ژێک دەت تدەگەیت چۆن خەتت فریو دا و نەتزانی
ڕاستیی لەناو زەر شت دایە، کە وەک گاڵتە دەرتدەبین
تدەگەیت زەرترینی ڕاستیی لەناو قەشمەیی و
جار جارەش لە هەوڵی تەریق نەبوونەوەدا بوو
ئەها ئەوڵی دەتگوت:
ببەخشە، گاڵتەم کرد!
نا، ئاسایی، نیگەران مەبە!

ئەو ژێژە دەت و پەنجەی خەت دەگەزیت،
کە خشباوڵانە لەبیری خەتت بردەوە:
"هیچ نییە، ئەوەش تدەپڕەت"، سەرچاوەی زەرترین ئازارە
دوای "سوپاس، هەموو شتێک باشە"،
چەند پەویستیت بە دەستکە
"من باشم"، لە پشتی زەرترین خودئشکەنجەدانەوەیە
وەک چۆن زەرترین تووڕەییش،
لەناو گەرووی "ئاسایی، چەنت پە باشە با وا بەت، بە دڵی خەت"،
قوت دەدرێتەوە و
لەناو تەندووری "بەدەنگیی"دا دەکرێتە قەڕبرووت!

هەموو ئەمانە دەکەیت تا دڵی خەت نا،
دڵی ئەو نەشکە
غەمگینیی خەت نا،
دڵتەنگی ئەو کاڵ بکەیتەوە!

هەموو کەس هەر وا ئاسان لەو ڕازە تێ ناگەن و
نەتە پەرشکانی ئەم گەرانییە غەمگینیان بە ناچنەوە سەر پەیژەی

ئاواز و
ڕەنگە ڕۆژاوەکانی ئەم تابلۆ غەمبارییان بۆ کۆناکرێتەوە!

نیگەران مەبە،
نە کەس پێشت دەکەوێت و نە تۆش ڕێزت بۆزاندووە
ئیتر وایە،
هەر کەسێ و ڕووبارو قەدەری خۆی هەنگاو دەنێت و
کەس ڕێی ناچێتەوە سەر هەواری چارەنووسی ئەوی تر
تێگەیشتن لەمە هەر وا ئاسان نییە
بۆ ئەمە بەدەنگیی باشترین شتە، تا پشوو بۆ خەمان بدەین
ئاخر ماندوو بووین ئەوەندەی ڕوونکردنەوە بدەین
بۆ خۆکەک کە تێناگەن
ئەوەیە دەڵێن: تێنەگەیشتن لە بۆنای ناگەهان خراپترە!

بۆنەاست، دەموچاوی ئەوش بزانیت
هەندێک جار پێویستیمان بە بیانووێکە بۆ گریان
با بیانووەکە زۆر سادەیش بێت
تەنانەت گووگرتنیش بێت
تا ئەوەی ئێگەر جۆرێکیش بێت لە گەمژەیی
بۆنام هەر دەبێ پاساوی گریانێک بدەینەوە
گریانێک قۆربووی شکستەکانمان
دڵەانەکانمان
دڵشکانەکانمان
بە ئومێدییەکانمان و
ڕەشبینییەکانمان بکاتەوە!

گریان بە شتگەلێک، کە لە کاتی خۆیدا نەمانتوانی،
نا، نەمانویست بۆیان بگرین
چونکە ڕووشکێن دەکراین
بە ئەوەی شەرمەزار نەبین،
دەبوو ئەو چرکەساتە نەگرین و
هەر چۆنێک بووە، هەز بدەینە بەر خەمان
ددان بە خەماندا بگرین
خەمان بخەینەوە، تا ڕیسوا نەکرێین!

بۆنام چ هەز و خەگرتنێک؟
هەز و خەگرێک، دواتر ئازارێکی سووکیش بەس بێت،
تا تێک بشکێین و وێران بین

ئەمو بۆ ئەوەی کەسێک پرسیاری ئەم وەڵامبوونەمان لێ بکات!

بەهەرحاڵ، کە لێگەڕێ کەسکیت، هەموو شتێکت جیاوازە
تانانەت گریان و پێکەنینەکانیشت
لێگەڕێ ئەودا باری قورسی سەر هێحت سووک دەبێت و
لە تاریکترین شوێشدا، تیشکێک درزێک هەر دەدەزێتەوە
دڵی دێت بپێکێت!
ئەو کە بە هەمیشە لە نەوان کاغەز و دڵی تەدا نهێنیەکە
خەڵکی وەک نیوە هستیەک دەیبینن و حونجەی دەکەن،
کەچی لێناو تەدا چیەکی هەزار و یەک شوەیە!

هەژێک دێت دەزانیت، غەمگینیی خێت نا،
دێتەنگیی ئەو زیاتر ماندووت دەکات
ئەو کاتەی فەر دەبیت هەڵە نەوان خێت و خودی خێتدا
کەسکت خێش بووێت!

وەبیرهێنانەوەی هەندێ وانەی ژیان.. سامانی وێستا بەکر

لەم سەردەمی یەکتر شکان وبەهەڵە تێگەشتنی هەمووی لە هەمووی و چاهەڵکەنن و هەڵشبینیەی کە کەمەڵگەی تێکەوتووە بەگرنگمزانی هەندێ وانەی ژیان وەبیر خوێنەربهێنمەوە کە ئەکرێ سودی هاستوخەی لەسەر کەسی خوێنەرو پاشان دەوربەریشی هەبێ.
مەبەستمە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە هاکەشم کە ئەم جارە لە نوسین هاوشێوەی وتارێکی کەکراوەو ئاهاستەکراو نیە، بەڵکو دەستپێکی هەر دەڵێکی نوێ بابەتێکی سەربەخێیە بەخەی، ئەکرێ وەک بابەتێکی سەربەخێ تەماشاکرێ، بەڵام سەرنجام و کۆتای هەمووی پێکەوە چەند وانەیەکی کەکراوەی پێویستە کە هەژانە هووبەوومان ئەبێتەوە، مەخابن دژواری و سەرقاڵی ژیان هێ بەوە نایات کە هەمیشە لەبرمانبێ و کاری پێبکەین.

- گرنگێ هەندێک هەڵفتار، نەریت، ووشە، ئاخاوتن، هەڵخەڵە، پیاهەڵسان، شکاندنەوە، دەستەواژە، هەڵوسوکەوت...هتد بە

وریاییەکی زۆرەوە بکرێن و بەکاربهێنرێن چونکە لایەکاتا ئەکرێ ببێتە سەرخستنی کەسێکی نەشیاو یان هووخانی کەسێکی شیاو، هەربۆیە گرنگە کەسایەتی بەرامبەرت باش بناسی پێش ئەوەی هیچ دەستواژەیەک بەکاربهێنی یان کردارێک بکەی.

- گرنگە هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت کە تەنها ئەوەندە خاوەندارێتی هەر ووشەو کردارێک ئەکەی کە لای خۆتن واتە پێش نەوتنیان و هوونەیانیان چونکە دوای ووتنی هەر ووشەیەک یان هەر کردارێک چیتر تۆ بە تەنها خاوەنی نیت و ئەکرێ لە بەرژەوەندیت و لە دژیشت بەکاربهێنرێتەوە.
- ئەبێ چاودێری بەچونەکانتبی چونکە دواتر ئەبێت بە ووشە، چاودێری وشەکانبی کە دواتر ئەبێت بە کردار، چاودێری کردارەکانبی کە دواتر ئەبێت بە نەریتی ژیانت، چاودێری نەریتەکانیشبی کە دواتر ئەبێت بە کەسایەتیت، سەرئەنجام کەسایەتیشت دوارۆژت دیاری ئەکات.
- چاودێری بیرکردنەوەکانی کەس مەکە چونکە ئەبن بە ووشە و نوسراو، بەناو چاودێری ووشەکانی خۆت بکە کە ئەبن بە کردار و پێ ئەناسرێیتەوە.

+کاتێک هەگای بیرکردنەوەت ئەگەیت ئەوا بزانە جیهانی خۆت گەیوە. هەگای بیرکردنەوە جۆری هەیە "باش و خراپ"، "گەشبین و هەشبین"، "ژۆد و پشتگوێخەر"، "بەپلان و بە پلان"....هتد ئەگەر باش و گەشبین و بە پلان بیربکەیتەوانە و ژۆدبی لەسەری بگومان جیهانێکی پێ لە سەرکەوتن بە خۆت دروست ئەکەیت و پێچەوانەکەشی هاستە.

- رەگای بیردکرنەوەکانت بگەرە گەرانکاری بەسەر کردەوەکانتا یەت. بیرکردنەوەکان ئەبن بەنەخشە هەگای ژیان، لەبەر ئەوە گرنگە باش بیربکەیتەوە یان چەند جارێک بیربکەیتەوە پێش بەیاردان چونکوم بیرکردنەوەکان ئەو ئامرازن کە گەنکاری بەسەر کردەوەکانتا ئەهێنە و سەرەنجام بە چاکەکار یا خراپەکار، سەرکەتوو یان کەتوو ئەوناسێنە.
- بەدلنیایەوە بزانە ژیانی ئەستات لە بەرهەمی بیرکردنەوی رابردووت دروست بووە. گلەی مەکە لە بەختت و هەی کەسێکی بە بەختم و بەخت هاوکارم نەبووە چونکە ئەوە کردارەکانی رابردووتە ئەمەتی بەرهەمهەناوە.
- هاوکێشکانی سەرکەوتن لە ژیانا بریتیە لە "بریاردان، پابەندبوون و ملکەچ نەبوون". بە هەرکارێک گرنگە خاوەنی بەیاری خۆتبیت و پاشان پابەندبیت بەو بەیارەی وەرگرتووە بەنام ملکەچی نەبیت.

- هیچ کەسێک بە ئەندازەی خۆت ناتوانێت بتگەیەنێت بەسەرکەوتن. هەرگیز چاو لە هاوکاری کاسانیتر نەبە تا دەست بگرن و پلە پلە سەربخەن چونکە تەنها کەس خۆتی کە ئەبە هەموو پلەکان بەسەرکەوتووی ببەی و ئەوانیتر هەریەکەو لە پلەیەکا بەجێئەهێن یان دەستبەردارئەبن..
- ئەگەر ئارەزووەکی ڕاستت هەبێت بە ڕزگاربونت لە خوو نەریتە خراپەکان ئەوا بەدنیایەوە لە 51% نەریتەکان ڕزگارت بووە. هەموو شتێک کە بتەوێ بیکەیت جا سەرکەوتووبی یان کەوتوو پەیوەستە بەوەی کە چەن خواست و ئارەزووت هەیە بۆی، بۆیە گرنگە خواست و ئارەزوویەکی تەکمەت هەبە بە ڕزگاربوون لە خووە خراپەکان و بەهەمان شێوەش بە بڕودان بە نەریت و خووە باشەکان چونکوم هەر جدیەتی خودی خواستەکە نیوە بڕەوژووری ئامانجەکە ئەپەکە.
- ناتوانیت بە خۆشەوێری بکەیت بە هەموو سامانی دنیا لەبەر ئەوەی مەملەکەتی بەخۆشەوێری لە جەری هەست و بیرکردنەوەی خودی خۆتایە. هەست و بیر و گوفتاری باش بەخۆشەوێری دروست ئەکات نەک سامان و ماڵ، ئەگەر سامانێکی زەر هەبە و دڵتەنگ بژیت یان ڕەژانە بژێوی ژیان پەیابکەیت و ئاسودەش بژیت چونکە ئەمە ڕاستوخۆ بەستراوەتەوە بە هەست و بیرەوە.
- هەرگیز سامان مەکە بەپێوەر بە بەخۆشەوێری. سامان و موڵکداری ئەتوانێ یەکێک بێت لەهاوکاریەکان بە گەیشتن بە بەخۆشەوێری بەڵام بەخۆشەوێری لەناو بیروبۆچوون و تێگەشتن و ئامانی خودی خۆتایە بە ژیان.
- دنیابە لەوەی کە متمانەی خەڵک بە تە لە ئاست متمانەی خۆتە بە خۆت. هەرکاتێ توانیت متمانە بە تواناکانی خۆت بکەی ئەوا ئاسانتر ئەتوانی متمانەی دەوروبەر بەدەستبهێنێ چونکوم کاتێ مرۆڤ لەرزەک و بە ووڕە دەرکەوێ ئەوا کەسانیتر ناتوانن متمانەی پێبکەن وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.
- بەدوای هەڵکاندا مەچۆ، بەدوای چارەسەردا بڕۆ. هەڵە نەنگی نیە بەڵکو دووبارە کردنەوەی ستەمە، مرۆڤی هۆشیار لە هەڵە فێرئەبێ، دوای هەر هەڵەیەک دڵش دامەمێنێ بەڵکو بیکە بەسەرەتایەک بۆ چارەسەر و ئەزمونەک بۆ داهاتوو.
- کاتێ ئیمانێکی پتەوت هەبێت بە سەرکەوتن ئیتر چیتر ئاسان نابێ کەس ڕێگریت لێبکا. سەرکەوتن ڕۆژ بوونی گەرەکە، مرۆڤ ناتوانێ پلەکانی سەرکەوتن یەک بەدوای یەکا ببڕێ ئەگەر خودی خۆی ڕۆژ و موکە نەبێ لەسەری، چەندین جار بیربکەرەوە بەڵام دوو دڵ مەبە لە ئەنجامدانی.

- ئاسانترین ڕێگا بۆ ڕەخستنی کارەکان ئەوەیە کە هەر کارێک لە کاتی خۆیا بۆئەنجام بگەیەنیت. کەسێک بوونی کارەکان هەکارە بۆ بۆئەنجام نەگەیاندنی، تا ئەرکی سەرشان کەمتربێ کات زیاتر ئەبێ بۆ چەندین کاری جیاوازتر وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.
- فێربە هەروەک ئەوەی لەسەرەتایایت. هەرچەند زانا و بەتوانابیت لەهەر کارەکا بێتام دنیابێ کە خەڵکانێک هەن ئاگادار لە تە باشترنەبن ئەوا وەک تە باشن بۆیە گرنگە هەمیشە چاو لەفەربوونی زیاتربێت، ئاگادار هەموو شتێک بزانیایە ئەوا هێندە ماندووناببووی، تا ماندووبوون بەردەوامبێ ماوتە فێربی.
- داوا لە کەس مەکە، پشت بەخۆت ببەستە. هاوکاری و هاوبەشی زۆر گرنگە بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کە مرۆڤ پشت بەخۆی ببەستێ و چاوەڕێی هاوکاری نەکات چونکە هیچ هاوکارییەک هەتا سەر بەردەوام نابێ بەپێچەوانەشەوە پشت بەستن بەخۆت هەمیشە پتەوتر ئەکات.
- تە توانات هەیە بۆ سەرکەوتن ئاگادار بیرت لە سەرکەوتن کردەوە. چی بچنێی هەر ئەوەش ئەچنیتەوە، بۆ سەرکەوتنی هەرکارێک بگەشبینانە بۆی بێ چونکە ئەوە یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنە وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.
- هیچ شتێک نیە بەربەست بێت بۆ گەیشتنت بۆ لوتکە تەنها خۆت نەبیت کاتێك بۆ ڕەشبینیەوە ئەروانیت بۆ شتەکان. گلەی لە بەخت مەکە کاتێ ناگەی بۆ ئامانج بەکەو بیربێت کە بەشکی سەرەکی شکستەوازی بیرکردنەوەی ڕەشبینانەی خۆت بووە کە ئامانجەکەت نەتپێکاوە.
- بۆ ئەوەی گەورەبیت پێویستە بیرکردنەوەکانیشت گەورەبێت. بۆ بەدەستهێنای شکۆ و باڵادەستی ئەبێ بیرکردنەوەت گەورە و فراوانبێت چونکە بیرتەسکی بۆ هەز و لاوازئەکا.
- هەر کاتێک زانیاریت لەهەربوارێکا زیا بوو ئەوا متمانەت بۆ خۆت زیا ئەبێت. هەکارێکی گرنگی متمانە بەخۆ بوون خۆ پێ چێک کردنە بۆ چەکی زانست و زانیاری، ئاگادار ئەتەوە متمانەت بەخۆت بێت و لەوشەوە متمانەی خەڵکی بەدەستبێنی قابێ لە بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری بەسود بۆ خۆت و کەمەڵگە.
- نوسینەوەی ئامانجەکان لەسەر پارچە کاغەزێک ڕۆژی گەیشتن بۆ ئامانجەکان زۆر زیاترئەکات. گرنگە هەمیشە ئەو ئامانجەی کاری بۆ ئەکەین لەبیرمانبێت بۆیە نوسینەوەی ئاناجەکانمان و چاوپیاخشانیان ناوبەناو لە گەیشتن بۆ ئامانج نزیکترمان

ئەکاتەوانە.

- فێربە لە کەسی بێئەزمون وزانا، تەمەن بوار بەوە نایات تا بتوانیت خەت فێری هەموو شتەکان بیت. ئەگەر کەی ڕێژەکانی تەمەن بە بە پشوو و دابەزان خەریکی خوێندنەوە و فێربوونبیت بەردام هەشتا کەمەک ئەزانی و ئەبە لە ئەزموون و توانای خەکانیتریش فێربی ئەگەرنا ئەکرێ تەنها لە شتەک یان چەن شتەکا هەموو شتێ بزانیت و لە هەموو شتەکانیترا لەسەرەتایابی.
- هەوڵەکان دووبارە بکەرەوە لەبری جارەک سەدان جار. شکست ئەوە نیە کە لە ئەزمون کردنی کارەکا سەرکەوتوو نەبی بەڵکو دەستبەردار بوون لە کارەکە شکستێ، دوای هەر شکستەک هەوڵبە ئەزمونی لەوەرگرە تا ئەگەیتە سەرکەوتن.
- ئاگایاری ڕەخنەی روخێنەربە. ڕەخنە یەکەکە لە باشترین هاوکارییەکان بە پیاچوونەوە و تەهەڵچوونەوە، بەڵام ئەتوانێ ئامرازێکیشبەت بە شکان و دوورخستنەوە ئەگەر مەبەست لەی ڕوخانبەت بێیە گرنگە هەشیاری ئەوەت هەبە کە ڕەخنە لە ڕەخنە جیابکەیتەوە.
- لە ژیانتا هەڵەی زەر بە ئەڕەخسەت جا هەمیشە لە ئامادەباشیابە لە کاتی هاتنپێشی هەڵەکانا. لەکاتی لەدەستدانی هەر هەڵەکا گەشدامەنە بەکو بیکە بەخاڵی دەستپێک بە سەرکەوتن لە هەڵەی دواترا.
- سەرکەوتن کردارە نەک کەتایی. لەدوای هیچ سەرکەوتنێک پشتی لەمەکەرەوە چونکە ئەوە تەنها کارێکی کاتییە و ئەبە هەر سەرکەوتنێک بکەی بە پایەیەک بە سەرکەوتنی داهاتوو، سەرکەوتنەکان کاتین و لەبیرئەچنەوە بەردەوامبوون نەمرییە.
- هیچ پێناسەیەکی گشتی نیە بە سەرکەوتن چونکە هەر کەسێک لە گەشە نیگای خۆیەوە تەماشای ئەکا. لەوانەیە ئەوەی لای تە کارێکی سەرکەوتوانەی مەزنبەت بە خەکانیتر سانا و ئاسایبەت هەربۆیە گرنگە خەت متمانەت بەسەرکەوتووی خەت هەبە و لەسەرکەوتنی خەکانی تریش کەم مەکەرەوە.
- ئارامگرتن باشترین چارەسەرە لەکاتی هەر گرفتەکا. ئارامگرتن و هەوری و پەلەنەکردن ئەو نهێنییە کە لە پشتی هەر کارێکی باش و سەرکەتوویە.
- لە ناختا سووربون لەسەر سەرکەوتن بچنە. لە ناخی هەر مرۆڤەکا شتێک هەیە کە لەوەوە ئەوانتە بابەتکانیتر، لەبری هەر شتێک باوەڕ بەخەت بچنە تا سەرکەوتن بچنیتەوە.
- غەم وپەژارە و شادی و خۆشبەختی بە دەستی خەت دروستیان

ئەکەیت. لەناو باخچەیا هەست بەئارامی ئەکەیت، لەناو دەکو داێیشا هەست بەئازار.

- لەسەر ڕێگای سەرکەوتنا ڕووبەرووی ئەو شتە ئەبیتەوە کە پێشبینیت نەکردووە. ڕێگای سەرکەوتن بەرزی و نزمی زۆری تیایە، ئەبە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختیەکانیشبیت و نەبێتە هەکاری پاشکشە.
- ئامانجەکان جوڵەنێری ژیانە. ووزەی جوڵەنێری ژیان ئامانجە، ئەبە ئامانجی دیاری کراوهەبێت تا ژیان لە جوڵە نەوەستێ.
- سەرکەوتن هەمو شتێک نیە بەڵام ئارەزوو بە سەرکەوتن هەموو شتێکە. هەندێ کەس بەئاسانی سەرکەوتن بەدەستئەهێنن بەڵام چەژی لێنابینن چونکە ئەو تەنها ئارەزووی سەرکەوتنی هەبووە بە ئامانجێکی دیاریکراو چونکە چەژی سەرکەوتن لە گەشتن بەئامانجایە نەک پلەکەی.
- نەنگی نیە لە ژیانا بکەویت بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانیت هەڵبسیتەوە. یەکەم هەنگاوی دوای کەوتن هەڵبسانەوەیە بەیە گرنگە بیرمانبێ هەر شکستێک بکەین بە ئەزموون بۆ هەڵسانەوە بەرەو سەرکەوتن.
- ئەگەر چاوەڕێ هەڵکەت کرد و نەهاتەت ئیتر بەچی هەوەی بە نایەیت. مەرج نیە ئەوەی چاوەڕێیت و لە دە و مەشکتایە بەخت یاوەربێ و بێتە سەرت بەیە هەوەبێ بە بەدەستهێنانی ئەوەی لە دە و مەشکتایە و چاوەڕێی مەکێ.
- سەرکەوتن یەکەم هەنگاوە، کەوتن سەرەتای دەستپێکە. لە هەر کەوتنێکا سووربە لەسەر سەرکەوتن، سەرکەوتن یەکێکە لە ئامانجەکان، موکوبوون و چەژوەرگرتن لەی ئەتگەیەنێ بە دوا خاڵ.
- ئەم پرسیارانە بەردەوام ئاراستەی خۆت بکە:

من کێم؟ چۆن گەشتم بە ئەرە؟ ئەموت بە کوێ برەم؟ بەچی ئەموت برەم؟ چ شتێک بەربەستە لەسەر ڕێگام؟ ئەی چۆن زاڵم بەسەریانا؟

لەڕێی ئاستەکردنی ئەم پرسیارانەوە هەمیشە وائەکا کە لێبیرکردنەوەی بەردەوامابیت و ڕەگربیت لە هەر کارێک یان گوفتارێکی نەخوازراو .

"ببین یان نەبین" شکسپیر وای ووت، بەندە ئەڵێم ئەمێ بە هەین کە ببین، نەبین کاری مرۆڤی ژیرنیە.

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢١-٥-١

بۆ پێشەوە ژمارە ٩٧

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٩٧ی بۆ پێشەوە کلیکی ئێرە بکەن..

ترسی دڕاوە.. هەزان ئیسماعیل کەریم

مەمک دانەگیرسا و توایەوە
چیرۆکەکانی لەگەڵ خۆی برد
لە داخی ئەم هەموو شکانە
شەوان لەگەڵ ئاگر پێکیان هەڵدا

ئەستێرەیەک بەدیار نەکەوت کوژایەوە
لەگەڵ تەماشاکردن دەستی تێکەڵ کرد و
چاوی پێ لێ نەزڕ کرد

گەستانێک بە بە مردوو پێ پێ بوو
هەرچی ڕەحی بریندارە
گرانی شکانیان بە دڕێی

شارێک دروست نەکراو و تاڵان کرا
خۆی کەکردەوە
لە منەوە تا ئادەم
لە تەوە تا حەوا
هەمووی کەکردەوە
لەسەرخۆ مەرگی بەفری ڕاگەیاند

ولاتێک ناوی نەبوو داگیرکرا
لە یوئێن دەستی بە نوێژ کرد
لە خودا دەپاڕایەوە
لە زیندان دەی نێتەقێت

مردنێک لەگەل رەح بزر کرا
لە بەهشت
بەدەم پیاسەوە
ناوی شەهیدەکانی دەژمارد

من ئاخ لە من
بە ئاوەی یەک گوناهم لەسەر ئسپات بێت
سووتام و کوژامەوە
نەبیندرام و بزر بووم
مردم و نەیانشاردمەوە
ئاوەڕی دەروەی خەم بووم
وجودیان شۆن بزر کردم
وردو خاشیان کردم
م
ن
ئ
ا
خ
ل
ە
م
ن

هەزان ئیسماعیل کەریم

عەلـــــــی شامـــــــداێ یفرەش:

کورتیەچیرۆک.. جەلال قادر

ئەو هەژدەی حاجی ئامین بازاڕییەکەی دا بەدەستی (عەلی شامدانی) تا بەرەتە ماڵەوە، هەوا گەرم بوو، بەزاری باڵیکەشابوو بەسەر لەشی (عەلی)یەوە.
ماڵی حاجی ئامین کەوتبووە پشت گردەکەی نەورۆز، دەبوایە عەلی شامدانی چارگە خووڕەکەک هێگا بکات تا دەگاتە ئەو گەڕەکە، بەڵام لە نیوەی ڕێگە عەلی ئارەق بەناوچاوانی هاتە خوارەوە و شەکەت بوو. لەبرسا ناو هەناوی قوڕەی دەهات و تووشی ژانسەرەکی بەزارکەر بوو. لەپاش بەینی چەند کەڵانێک لەنیوەی ڕێگا پەکی کەوت، ناچار لەژێر سێبەری دیوارێک دانیشت تا پشوویەک بدات، لەم کاتە هەستی بە بەرزی پەڕەی گەرمای لەشی کرد و گیانی کەوتە لەرزین.
تەماشایەکی ناو کیسەی بازاڕییەکەی کرد کە پەکهاتبوو لە کیڵێک گەشت و دەرزێنێک نانی گەرمی بۆن خۆش و سەوزەوات و بەتر ڕەش و گەش.

عەلی لەو بیرکردنەوەیدابوو کە بازاڕییەکە زوو بگەیەنێتە ماڵی حاجی ئامین تا حەق دەستییەکەی وەرگرێت و دووانی گەرم و کیلەیەک پیازوتەماتە بکەێت و بگەڕێتەوە بە لای دایکە ڕسییەکەی کە لەبیانییەوە چاوەڕوانی دوو پاروو نانیەتی.. بەو خەیاڵەوە خەوی لەکەوت.
حاجی ئامین لەمژبوو گەیشتبووە ماڵ و چاوەڕوانی عەلی شامدانی دەکرد، نەختێک نیگەران بوو، چونکە هەمیشە عەلی پێشتر دەگەیشتە بەردەم ماڵیان.
.
منداڵەکانی حاجی ئامین بە شێخیەوە بەدایکیان وت کە نانیت عەلی بازاڕییەکی بە مالێکیتر نەبردووە!
یەکێکیتریان وتی : برسی بووە و هەمووی خواردووە.
مەردەکەی حاجی ئامین وتی : دەبوایە بە تەکسییەک بازاڕییەکەت بهێنایەوە مال.

بەڵام حاجی ئامین بەزەیی بە عەلی دەهاتەوە و دڵتەنگ ببوو، بە منداڵەکانی وت : کوڕەکانم دەبچن سەرێک لەو کەڵانانە بدەن، بەڵکو کاک عەلی بدەزنەوە و بزانن چی بەسەرهاتووە.
منداڵەکانی حاجی ئامین گوێیان لە قسەی دایکیان نەگرت و وەڵامیشیان نەدایەوە.
پاشان داوای لەمەردەکەی کرد کە بە پیاسەیەک تا ناو بازاڕەکە بچێت

و لە هەواڵی عەلی شامدای ببپرسێت. مەردەکەی وتی : دونیا زۆر گەرمە و ناتوانێت لە ماڵ دەرچێتە دەرەوە.
حاجی ئامین، ناچار خۆی لە ماڵ هاتە دەرەوە، بەناو کۆمانەکان سووڕایەوە و چاوی گێڕا. لەدوورەوە لەژێر سێبەری دیوارێک عەلی شامدای بینی کە بەدیار بازاڕییەکەی خۆی لەکەوتووبوو.
حاجی ئامین چنگە گۆشت و دووسێ نانی گەرم و بەتریەک و چەند دەسکە سەوزەی جوودا کردەوە و خستیە ناو کیسەیەک بەتەنیشت عەلی یەوە دایناء، باقی بازاڕییەکەی هەلگرتوو بەرەو ماڵ گەڕایەوە!.

(تێبینی: عەلی شامداریفرۆش کاسبکارێکی ناو بازاڕی ڕەحیم ئاوایە)

ژینگە پارێز.. عەلی حەمەشید

ژینگە پارێز لەم ژینە
کاری نەک و سەنگینە
هەوە و ماندوو بوونی ئەو
جێی نەز و پەزانینە
،،،،،
دەسەز و چالاک دیارە
هەمیشە ماندووی کارە
مەبەستی ئاگرتنی
پاکو خاوێنیی شارە
…
دەست بەکارن نەژانە
چی شەقام و کۆمانە
بەهەوڵی ژینگە پارێز
هەردەم خاوێن و جوانە
…
با تاجی نەز و شکە
پێشکەشیان بێت ئاستەوخە
لەگەڵ چەپکە گوڵکی
گەشاوە و جوان و خەشبە

٢٢/٤/٢٠٢١